# ئیستاتیکا لە شیعری چەپکە گوڵێك بۆ ست فاتمەی(هەردی)دا

## توێژینەوەی هەڵێنجراو/ موستەل

**پ.ی.د. هاوژین صلیوە عیسی**
زانکۆی کۆیە- فاکەڵتیی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی
hawzhen.slewa@gmail.com

**پ.ی.د. کیفی احمد عبدالقادر**
زانکۆی کۆیە- فاکەڵتیی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی
kaify.ahmad@koyauniversity.org

**پوختە**

ئیســتاتیکا زاراوەیەکی فەلســەفی ئەدەبی فرە لایەنە، چونکە ئیســتاتیکا پەیوەســتە بە ڕوئیە و ڕوانینەوە، ئەم بابەتەت لە نێو دەقە ئەدەبییەکانەوە و لەڕێی زمانەوە بنەماکانی ئیستاتیکا دیاریدەکرێت. ئەو زمانەش هەڵگری دال و مەدلوول و وێنەی شیعری و مۆسیقای شیعرییە، بۆیە قسە کردن لە سەر دەقی چەپکەگوڵێك بۆ شیعری ست فاتمەی هەردی قســەکردنە لەســەر جوانی ناســی دەقەکە، کە لەم توێژینەوەیە خراوەتە ڕوو. شــاعیر هەســتی ڕۆمانســی و کەتواری تێکەڵ کردووە، لەڕووی ڕۆمانسـییەوە وەسـفی جوانی سـت فاتمە دەکات، دواتر بەدیدێکی ڕیالیزمی واقعی کێشەی هەژاری و دەوڵەمەندی دەخاتەڕوو و خۆشەویستی باڵاتر دەکات لە چاو سامان و ماڵی دونیا.

**کلیلە وشەکان: key words**

ئیســتاتیکا Aesthetic، چەپکە گوڵ A bunch of flower، زمانی شــیعریی poetic language، خەیاڵ Fantacy، وێنەی شیعریی poetic image ، مۆسیقای شیعریی lyrical poem.

**ملخص البحث**

عنوان بحثنا: علم الجمال في الشـعر(چەپکە گوڵێك بۆ سـت فاتمە)للشـاعر احمد هردي. هدف البحث تحليل جانب من اسـتاتيكا لهذا الشـعر. منهج البحث: منهج وصـف تحليلي. مكونات البحث, يتكون من فصـلين, كل منها تتكون من عدت مباحث:

فصل الاول يتكون من ثىثة مباحث:

مبحث الاول: مصطلح و مفهوم استاتيكا

مبحث الثاني: اسباب كتابة الشاعر لهذا الشعر

مبحث الثالث: استاتيكية الشعر في النظرة الشعراء والكتاب

والفصل الثانی يتكون من مبحثين:

مبحث الاول: استاتيكية اللغة و صورة الشعرية لهذا النص

مبحث الثانی: استاتكية الموسيقا لهذا الشعر.

وفي الختام ذكرنا عدة نتائج, وذكرنا المصادر التي استعملناها.

**Abstract**

The title of the research: Aesthetic in a poem of abunch of flower to mrs. Fatima Hardy.

The aim of our study is to exhibit the beautification side of this poem that analyzed in all aspects.

The method of the research: method of descriptive analyzation has been used. The structure of research: consists of two chapters. The first chzpter contains thre setions: first section: The term of Aesthetic. Second section: The reason behind writing this poem.

Third section: The aesthetic of the poem from the poets and writers' point of view.

The second chapter contains two sections first section: Aesthetic language and poem image in the text. Second section: Aesthetic music in the poem.

**پێشەكی:**

ئەحمەد هەردی یەكێكە لەو شاعیرە بەهرەمەندانەی، كە بە ژمارە شیعرەكانی كەمن، بەڵام لێوان لێون لە داهێنان و جوانكاری, هەتا بیانخوێنیتەوە ئەوەندەیتر شیرینیت پێدەبەخشن و خۆیان لە دیواری دڵ دە سون و دەچنە ناخی دڵ و دەروونەوە. لە دیوانە شیعرەكەی ڕازی تەنیای شازدە شیعری بە زمانی كوردی و یەك شیعریش بەزمانی عەرەبی لەخۆگرتووە، لەگەڵ كۆمەڵێك شیعری تاك دێری و دوو دێری, كە بۆ كێلی گڵكۆی ئازیزان دایناون، چەند شیعرێكی دیكەشی هەیە، لە گۆڤار و ڕۆژنامەكانی وەختی خۆی بڵاوكراونەتەوە و نەخراونەتە دوتوێی ئەم دیوانەوە.

ناونیشانی توێژینەوەكەمان: ئیستاتیكا لە شیعری چەپكە گوڵێك بۆ ست فاتمەی هەردیدایە.

سنووری لێكۆڵینەوەكەشمان تەنها ئەم شیعرەیە، بەپێی پێویستی و زیاتر ڕوونكردنەوەی شیعرەكە جار جار ئاوڕمان لە شیعرەكانی دیكەی داوەتەوە.

ئامانجی لێكۆڵینەوەكە: خستنەڕووی لایەنی جوانكاریی و داهێنانی ئەم شیعرەیە، بۆ كەشفكردن و دۆزینەوەی نهێنی جوانی ئەم شیعرە.

میتۆدی لێكۆڵینەوەكە: میتۆدی وەسفی شیكاری بەكارهاتووە.

ستراكتۆری لێكۆڵینەوەكە: لە دوو بەش پێكهاتووە، بەشی یەكەم بریتییە لە سێ تەوەرە:

تەوەرەی یەكەم: زاراوە و چەمكی ئیستاتیكا: لەم تەوەرەیەدا هەوڵمانداوە لە پێكهاتە و بنەمای زاراوەكە بدوێین، دواتر پێناسە و چەمكی ئیستاتیكا بخەینەڕوو، بیر و ڕای فەیلەسوف و زانایان لەم بارەیەوە بهێنینەوە.

تەوەرەی دووەم: هۆکاری نووسینی ئەم شیعرە: لەم تەوەرەیەدا هۆکاری نووسینی ئەم شیعرەمان خستۆتەڕوو، کە هەر لە دیوانەکەدا ئەحمەد هەردی ئاماژەی بۆ کردووە، دواتر پشتمان بە چەند سەرچاوەیەکیش بەستووە بۆ قسەکردن لەبارەی ئەم تەوەرەیە.

تەوەرەی سـێیەم: ئیسـتاتیکای شـیعرەکە لە دیدی شـاعیران و نووسـەراندا: ئەم شـیعرە کاتێك لەلایەن عەلی مەردانەوە کرایە گۆرانی خەڵکێکی زۆر شـەیداری بوون و مقۆمقۆی لەسـەر پەیدابوو، بۆیە بیر و ڕای چەند کەسـێکی ئەدەبیمان وەرگرتووە، بۆئەوەی لە بەهای شیعرەکە بدوێن.

بەشی دووەمیش لە دوو تەوەرە پێکهاتوە:

تەوەرەی یەکەم: ئیسـتاتیکای زمان و وێنەی شـیعری لە دەقەکەدا: ئەم دەقە فرە لایەنە، چونکە زمان وەك تەنێکی بارگاوی زۆر شـتی لەخۆ گرتووە، بۆیە لەڕێی زمانی شـیعرییەوە، باسـی خەیاڵی شـعرەکە و لایەنی واقعیەت و سـۆز و هەست و نەست و وێنەی شیعری کراوە، بەمەبەستی پیشاندانی لایەنی جوانیناسی دەقەکە.

تەوەرەی دووەم: ئیستاتیکای مۆسیقا لە شیعرەکەدا: لەم تەوەرەیاندا هەوڵمانداوە باسی مۆسیقای ناوە و دەرەوەی شیعرەکە بکەین و کێش و سەروا و مۆسیقای ناوەوەی بخەینەڕوو. ئینجا ئاماژەمان بەو سەرچاوە زانستییانە کردووە، کە لە میانەی توێژینەوەکەمان سوودمان لێوەرگرتوون، پاشان بە چەند خاڵێك ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستۆتەڕوو، لەگەڵ کورتەی باس بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**١،١ زاراوە و چەمکی ئیستاتیکا:**

جوانی، یاخون جوانی نا سی زانستێکی فەلسەفییە و پشت بە کۆمەڵێك بیر و بۆچوون دەبە ستێت و ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، کە پێش زاین لای یۆنانییەکان مشـتومڕێکی زۆر لەبارەی زانسـتی جوانیناسـی کراوە. لای یۆنانییەکان زاراوەی Aisthesis بە کار هاتووە. زا نای ئەڵمانی ئەلکســە ندەر بۆمگارتن (١٧١٤-١٧٦٤ز) لە ســاڵی ١٧٣٥ کتێبێکی بەچاپگەیاندووە بەناوی Aesthetic (مســتەفا، ٢٠٠٣: ٦). لە زمانی ئینگلیزی زاراوەی Aesthetics بەکارهاتووە. لای عەرەب بە (علم الجمال)ناوی هاتووە. لە زمانی فارسیدا زاراوەی (زیبایی شناسی) بەکارهاتووە.

پێناسـە و مەفهومی جوانیناسـی ئاڵۆزە و لە یەك پێناسـە لە بۆتە نادرێت، چونکە جوانیناسـی لە سـەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە و لە کە سێکەوە بۆ کە سێکی دی و لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی دیکە دەگۆڕیت. خۆی جوانی نســبییە. هەموو مرۆڤێك دایکی خۆی پێ جوانە. جوانی مرۆڤ زۆر جار کەلتوور ڕەنگ ڕێژی دەکات. لە نێو هەندێك هۆزی ئەفریقی ئافرەت هەتا گەردنی درێژ بێت بەلایانەوە جوانە. بۆیە ئافرەتان ڕشـــتەی هەلقەی ئاسن لە گەردنیان دەکەن، تاوەکو کەردنیان درێژ بێت. بۆ نەتەوەکانیتر پێوەرەکان دەگۆڕێن.

ئەوەی ئێمە دە ما نەوێت لە بارە یەوە بدوێن جوانی ئەدەب و هو نەرە، بەڵام ئەم جوانییەش هەر لە کۆ نەوە ((زۆرانبازی لە نێوان ئایدیالیزم و ماتریالیزم بە ڕوونی لە مێژووی ئیسـتاتیکادا دەردەکەوێت، کە کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سـەر چەمکی جوانی و ئیسـتاتیکا بە درێژایی ئەم مێژووە، چونکە هەریەك لەم دوو بۆچوونە لە گۆشـەنیگای جیاوازەوە دەڕواننە چەمکی جوانی و هەوڵی شـیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەدەن.)) (س.پ: ٧) هەریەك لە ئەفلاتوون و



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەر ستۆ و هۆراس لە ژێر چەکی فەلسەفەی لا سایی کردنەوە با سی جوانی هونەریان کردووە. کە بەلای ئەفلاتوونەوە جوانی هونەر لاســـایی لاســـایی کردنەوەیە، چونکە هەموو بیرۆکەکان لە ئایدیا لای خواوەند هەنە، بۆنموونە وێنەی درەختێك لە جیهانی باڵا هەیە، بوونی درەختەکە لە ســـروشـــت لاســـایی کردنەوەیە، وێنەکێشـــێك وێنەی درەختەکە بکێشێت ئیشەکەی دەبێتە لا سایی لا سایی کردنەوە. ئەر ستۆ پێی وایە هونەر جوانکاری تێدایە و لا سایی کردنەوەش هەمان لا سایی کردنەوەی سرو شت نییە، کە دەبێتە لا سایی لا ساییکردنەوە. بەڵکو پێی وایە هونەر کەم و کوڕی ژیان پڕدەکاتەوە. کاری هونەری لاســاییکردنەوەیەکی ســەد لە ســەد نییە. هۆراس داوادەکات، کە شــەو و ڕۆژ هونەرکاران لاســـایی بەرهەمی یۆنانییەکان بکەنەوە. مەســـەلەی جوانی هونەر و چێژی هونەر زۆر باس و خواســـی هەیە. ((لای یۆنانییەکان فێربوون و دروست بوونی جوانی ناسی لە شەش شت خۆی دەبینێتەوە، لەوانە: جەستە، عەقیدەو باوەڕ، هەست و سۆز، خولیاکان، گوتە و خواستەکان)) (https://research.iaun.ac.ir) دەبینین جوانی ناسی لە شتی مادیی و مەعنەوی، بینداو نەبینداو دەبیننەوە، بۆیە چەمکەکە ئاڵۆزتر دەبێت بەوەی ئایە جوانی چییە؟ پێوەرەکانی چین؟ چۆن گوزارشـتی لێبکەین؟ بەشـێوەیەکی دیکەش باس لە جوانیناسـی کراوە، ((دەتوانین جوانی ناسـی بەچەند کورتە ڕســـتەیەك بخەینەڕوو: جوانی کەماڵە. هەموو بونەوەران جوانن. جوانی پێکهاتەیەکی گومانلێکراوە. جوانی خودا موتڵـەقـە. تـەســـــەوری جوانی هۆکـاری عیشـــقـە. درککردن بـە جوانی هۆکـاری لـەزەت بردنـە...)) (نژاد، نعمتی، https://jop.ut.ac.ir) ئەم دەربڕینا نەش زۆر بە یان ناڕوونی تێدا یە و لێکدا نەوەی دیکە هە ڵدەگرن. بنە ما کانی جوانیناسی بە زۆر شێوە ڕاڤە دەکرێن، لەوانە لە دید و جۆری رۆشنبیری کەسەکان، کە ئەوانیش لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی و ...ڕەنگڕێژی دەکەن. بۆیە زۆر جار کە باسـی جوانی کراوە هەندێك کەس لە ڕێی کەلتوورەوە لە جوانی دواوە، هە ندێکی دیکە لەڕووی جوانی خۆ یەوە لە جوانی ناســـی دواوە، بۆ یە ئاڵۆزی و بۆچوونی زۆر لە جوانیناسـی هاتۆتە ئاراوە. مێژووی جوانی ناسـی بە بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەرسـتۆ پەیوەسـت دەبێتەوە، دواتر لای ڕۆحانییە مەســـیحییەکان، بەتایبەتی لای ئۆگۆســـتین و ســـنت تۆماس درێژەی پێدرا. دوای ســـەدەی هەژدەهەم گەشەی کردووە و بۆچونەکانی فەیلەسوف(کانت) و (هیگل) زیاتر چووە ناوەخنی فەلسەفەوە. لای مارکس و ئەنگلس مەفهومی جوانیناسـی دروشـایەوە، لای ڕۆمانسـیزمەکان و سـوریالیزمەکان ئەم چەمکە بووە هۆی گرنگی پێدان و لە بواری ئەدەبیدا گەشەی کرد.(http://tahoor.com) وای لێهات چەمکی جوانیناسی ببێتە چەمکێکی بابەتی ڕەخنەیی و چەندان توێژینەوەی ئەدەبی لە بوارەکانی شـــیعر و چیرۆك و ڕۆمان و شـــانۆ و... لە ژێر رۆشـــنایی جوانیناســـی لێکبـدرێتـەوە. ((هـەر مرۆڤـە و ئیـدراکی جوانینـاســـی هـەیـە، کـە بـەدیتنی بـابـەتێکی هونـەری بـەدەســـتی دەهێنێت))(https://www.honarist.com) بەدوای خودی ئەم جوانییەدا دەگەڕێ و هۆکاری جوانی و جۆری جوانی دەقەکان دەخاتەڕوو. ((هەموو ئەم پێناسـانە و لێکدانەوانەی ئیسـتاتیکا جەخت لەسـەر جوانی دەکەنەوە، جوانی یان هەستی جوانی یاخود چێژی جوانی بە بنەمای کاری هونەری و ڕەگەزی سەرەکی ئیستاتیکا دادەنێن.))(مستەفا، س.پ: ٨) سـەبارەت بە سـەرهەڵدانی شـیعر و سـەرچاوەی ئیسـتاتیکا و چێژ((ئەفلاتوون شـیعری پەیوەسـتکرد بە هێزێك لە دەرەوەی سروشتی ئادەمیزاد، کاتێك سەرچاوەی سەرهەڵدانی شیعری بە ئیلهام و سوروش بەستایەوە، بەڵام ئەرستۆ

ئەمەی بە تەواوەتی ڕەتکردەوە و وتی: هاندەری مرۆڤ بۆ وتنی شیعر پەیوەستە بە سروشتی ئادەمیزادەوە. ئەوەی وادەکات شیعر لەدایك بێت ئەوەیە، مرۆڤ بە غەریزە حەز لە لاسایی کردنەوە دەکات و بە غەریزە حەز لە کێش ڕیتم دەکات)) ((گەردی،٢٠١٠: ٣٧)) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، تێڕوانینی فەیلەسوفان بۆ جوانیناسی ئەدەب جیاوازە. سەبارەت بە لێکدانەوەی دەقێکی ئەدەبی بەپێی بنەماکانی جوانیناسی دەق کار لەسەر زمانی دەق دەکرێت، سەبارەت بە شیعر ئەم زمانە هەڵگری وێنەی شیعری و کێش و سەروا و هێمایە، کە ئەمانە کاریگەری خۆیان لە ڕەنگڕێژکردنی دەقێکی ئەدەبی و لە دیاریکردنی شێوازی دەقەکە و جۆری سۆز و چێژی دەقەکە هەیە. ((پەیوەندی جوانی ئافرەت بە شیعر و ئەدەبیاتەوە، پەیوەندییەکی زۆر پتەو و بەهێز و کاریگەرە)) (فەتاح،٢٠٢٢ : ٢٠) ئیستاتیکای ئافرەت بەشێکی بەرچاوی دیوانی شاعیرانی کوردی ڕازاندۆتەوە، ئافرەت وەك هێزی ژیان و جوانی بەشێوەیەکی گشتی لە بوارەکانی هونەر ڕەنگیداوەتەوە. ((ئەرکی ئێستاتیکی ئەم ئەرکە کاتێك بەرجەستە دەبێت، کە شاعیر ئەو لادانەی لە ئەزموونی ئەدەبی دەقەکە ئەنجام دراوە، ڕەهەندێکی ئێستێتیکی بە بونیادی دەقەکە ببەخشێت))(ئەحمەد، ٢٠١٣:٣٩) مەسەلەی لادانیش لە ڕێی زمانی شیعری و جۆری وێنە شیعرییەکەوە بەدەردەکەوێت، دەبێ ئەو زمانە لە ڕێچکە ئاساییەکەی خۆی لابدات، بۆئەوەی ئیستاتیکا و شیعریەت بخوڵقێت.

**١. ٢ هۆکاری نووسینی ئەم شیعرە:**

لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەست دەکرێ، کە واقع و خەیاڵ زۆر لە یەکدی دوورن، کەچی لە بواری ئەدەبیاتدا یەکدی تەواودەکەن. شاعیر مێژوونوس نییە، بابەتەکان وەك خۆی پێشکەش بکات، خەیاڵ هێزێکی گەورەیە لەنێو شیعردا. ئەو خەیاڵەی بنەوانی لە واقیعەوە هەڵبەستبێ چێژبەخش و کاریگەرە، چونکە ئەزموونی ژیان و بەسەرهاتی شاعیر و کۆمەڵگاکەیەتی. ((کاریگەری مرۆڤانەی ئەزموونە خۆییەکەی خۆی بەخوێنەر دەگەیێنێ، بەجۆرێك کە خوێنەر وا لێ بکا نەك تەنها نرخ و بایەخی ئەو ئەزموونەی ئەو بزانێ، بەڵکو لەگەڵیشیدا بژی، هەست بکا شاعیر هەر لەو کاتەدا باسی ئەزموونی خۆیی و هەست و خرۆشی ناخی ئەویش دەکا))(میراودەلی، ٢٠٧: ٣-٤)، چونکە ڕاستە شیعر شتێکی خودییە شاعیر لە هەست و سۆزی خۆی دەدوێت، باسی بەسەرهات و دڵداری خۆی دەکات، باسی جوانی یارەکەی یان ئافرەتێك دەکات، بەڵام مرۆڤەکان لەو هەست و سۆزە هاوبەشن، چونکە هەمان بابەت لەلای کەسانیتر هەن، خوێنەر کاتێك دەقێکی شیعری دەخوێنێتەوە ئەگەر خۆی تیا نەبینێتەوە کاری تێناکات، بۆیە زۆرجار، کە دەقێکی جوان و بەپێز دەخوێنینەوە واهەست دەکەین کە بۆ ئێمە نووسراوە و خۆمان داوامان لە شاعیر کردووە ئەو شتانەمان بۆ تۆماربکات. ئێمە لە ڕیی خەیاڵەوە ئیستاتیکای شیعر دەدۆزینەوە، چونکە خەیاڵ دەروونە تینووەکان تێردەکات. لەڕێی خەیاڵەوە شیعریەت دروست دەبێت، بەڵام خەیاڵیش هەر لەخۆڕا پەیدانابێت، ئەگەر زەمینەیەکی لە واقیع(کەتوار) نەبێ. ((ئەگەر زمان بۆ بنیادی کردەکانی خۆی پێویستی بە جۆرێك لە تێپەڕاندن هەبێت، ئەوا فەنتازیا باشترین دەستەواژەیە بۆ تێپەڕاندن)) (ئەحمەد، ٢٠٠٢:٩٩) شیعر درەختێکی ڕەگ پەرشوبڵاوە، لە زۆر شوێنەوە ئاو و خۆراك دەمژێت، تاوەکو میوەی جوانی شیعریەت دروستبکات، شیعر لە کۆمەڵە ڕەگەزێك پێکهاتووە بەشێوەیەکی واچوونەتە ناویەك وەك سەدا و ئاوازی باندێکی مۆسیقا، کە ئاوازی چەندان ئامێری مۆسیقا چوونەتە ناویەك بەهەموویان



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هونەرێك پێشكەش دەكەن، كەواتە شیعر بەتەنها خەیاڵ نییە، بەتەنهاش سۆز نییە، بەڵكو (سۆز و خەیاڵ و زمان و بیر و واقیع و هەست و نەست و مۆسیقاو... هتد) كۆمەڵێك پێكهاتە یەكدەگرن و شیعر دەڕسكێت، شاعیر لە ئەنجامی وروژاندنێكەوە ئیلهامی بۆ دێت، بۆ دەربڕینی هەست و سۆزەكانی، ڕاستە واقیعیەت كار لە شاعیر دەكات و دنەی دەدات، كە شیعر بنوسێت، ئەم شتە واقیعیانەش بەئاوی خەیاڵ دەیانشێلێت و هونەریان لێ دروستدەكات ((واقیع و خەیاڵ لەڕووی مانەوە دوو شتی دژ یەكن، بەڵام لەڕووی كاری ئەدەبییەوە تەبان و هەمیشە شان بەشانی یەكتر دەڕۆن، چونكە ناكرێت شاعیر باس لە بەسەرهاتێكی واقیعی بكات، بەبێ ئەوەی خەیاڵی تیادا بەكاربهێنێت))(عیسا،٢٠١٠: ٥٩-٦٠) هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی شیعری ست فاتمەی هەردی مقۆ مقۆی ئەوە پەیدابوو، دەبێ ئەحمەد هەردی ئەم شیعرەی بۆ كام ست فاتمە نوسیبێت؟ ئایا ست فاتمە خیاڵ دروستی كردووە یان واقیعە؟ بۆچی ئەو شیعرە جوانە؟ ئیستاتیكای شیعرەكە چییە؟ لەكاتی خۆی ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی هەردی كراوەتەوە، هەردیش لە چاپی دووەمی دیوانەكەی ڕوونكردنەوەی داوە، هەردی دەڵێت: ((ئەوەی ڕاستی بێت هۆی یەكەم ئەوەیە لەو كاتەدا، واتا لە ساڵی ١٩٥٠ كچێك سەرنجی ڕاكێشابووم بەپێچەوانەی ئەوەوە، كە لە شیعرەكەدا دەردەكەوێت، ئەو كچەش هەمان هەستی بەرامبەر من هەبوو، بەڵام هەستی هەردووكمان دوران دوو بوو))(هەردی: ١٩٨٤: ٢٢) كەواتە شیعرەكە لە سەر بنەمای واقعێك دروستبووە و و بە خەیاڵ مشتوماڵ كراوە. تەنانەت لە نێو شیعرەكەشدا گوتەی: بوكی ڕازاوەی خەیاڵم. هەیە، واتا خەیاڵ ڕۆڵی لە ئارایشت كردنی ئەم بووكەدا هەبووە.

شیركۆ بێكەس دەڵێت: ((بەلای منەوە ئەحمەد هەردی یەكێكە لەو شاعیرانەی، كە ڕێچكە شكێن بوون لە شیعری تازەی كوردی یا بە شێوازێكی جیاواز لەوەی گۆران، ئەگەر بەوردی شیعرەكانی هەردی بخوێنینەوە دەبینین كاریگەری شاعیرانی مەهجەری پێوە دیارە، هەر لە قاسم شابییەوە تا دەگاتە شاعیرانی مەهجەری عەرەبی، چونكە ئەو ڕیتم و فەزایانەی لە شیعرەكانی ئەواندا هەیە لەهی ئەویشدا هەیە، هەتا ئێستا وا هە ستدەكات هەندێك لەوێنەكان تەواو لە ژێر كاریگەری ئەپۆلۆ مەهجەرە، دیارە ئەو شیعرانەی هەردیش دەچنە خانەی ڕۆمانسیەتی زاتییەوە)) (شێركۆبێكەس، ٢/٨ /٢٠١٠) مەسەلەی كاریگەری ئەدەبی شتێكی ئاساییە، چونكە هەردی ئەگەر چی سوودی لە ئەدەبیاتی جیهانی بینیوە، بەڵام شیعرەكانی لەسەر خاكی كوردەواری ڕواون و خۆراك و ئاویشیان هەر لەو كەلتوور و خاكە وەرگرتووە. لە شیعرەكەی وادەردەكەوێت، كە تەنها بەنیگای چاو ڕاز و مەیلی لەگەڵ كچەكە گۆڕیوەتەوە، چونكە یەكەم: خۆی دان بەوە دادەنێت، كە هەستی هەردووكیان دوران دوور بوو. دووەم: ئاماژە بەوە دەكات، بەژن و باڵای بە نموونەی هەیكەلی یۆنان داناوە، كە دیارە ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە، كە پەیكەر قسە ناكات و جەمادە، لە وەسفكردنەكەیدا دەردەكەوێت، كە تەنها وەسفی جوانی چاوەكانی كردووە، كاتی ڕۆیشتنیشی لار و لەنجەی بە مۆسیقا چواندووە.

سێ یەم : لە كۆپلەی كۆتایی دان بەوە دادەنێت، كە قسەی لەگەڵدا نەكردووە. دەڵێت:

زۆر كەڕەت هانم دەدات دەروونی پڕ گڕم

بۆتی هەڵڕێژم سكاڵای ناسكی گەرم و گوڕم

داخەكەم، كاتێ كە دێمە بەردەمت، واقی وڕم

وام ئەشێوێنێ بەجۆرێ نایەڵێ هیچ دەربڕم(هەردی، ١٩٨٤: ٦٩)

هۆکارێکی دیکەی نوسینی ئەم شیعرە، هەردی دەڵێت: ((لە ساڵی ١٩٥٠ لە ئەنجامی چەند گفتوگۆ و قسە گۆڕینەوە و لێدوانێکی دوور و درێژی ئەوسادا، وام بەبیردا هات، کە چەند شیعرێکی دڵداری رێك بخەم، کە لە ناوەرۆکدا جیاوازی چینایەتی پیشان بدات، بەڵام بە جۆرێك بێت، کە لە گەڵ زەمینەی گشتی شیعرەکەدا بگونجێن، نەك بیرو ڕایەکی ناساز بێت و بە زۆر ئاخنرابێتە ناو شیعرەکەوە، لەم ڕووەوە هەر دوو شیعرم پێوترا، یەکەمیان شیعری (ست فاتمە) بوو، ئەوی تریان (دڵداری کچی تازە) بوو))(هەردی، ١٩٨٤: ١٦)، کەواتە بەو پێودانە بێت هەردی ویستوویەتی شیعرێك بنوسێتەوە، کە جیاوازی چینایەتی ئەوکات بخاتە ڕوو و بزانێت چۆن نەبوونی نایەڵێت دڵدارێکی سەرمەست و شەیدای عیشق بە مەرام و ئاکامی دڵی خۆی بگات، ئەمەش پیشاندانی لایەنێکی ڕیالیزمی کۆمەڵگای ئەوسایە، کە ئێستاش ئەم جۆرە دیاردەیە هەیە. هەرچەندە شاعیر نکوڵی لەوەش ناکات، کە ئەو جیاوازییەی نەبووبێت لە نێوان خۆی و ئەو کچەی خۆشی ویستووە، شاعیر دەڵێت: ((لێردەدا مەبەستم ئەوە نییە، کە ئەو جیاوازییەی نەبوو، چونکە لە ڕاستیدا ئەوکات من بێ ئیش بووم)) (هەردی، ١٩٨٤:١٧) واتا شاعیر وەکو گەنجێك بێگومان حەز و خولیای دڵداری هەبووە و خەو و خەیاڵی خستۆتە سەر کچێك، جا ئەو کچە هەر ناوێکی هەبێت، دواتر شاعیر دەڵێت: ((ئەگەر ئەو کچە زۆر هەژاریش بوایە، من هەر وام پیشان ئەدا کە لە چینێکی لە خۆم بەرزترە))(هەردی، ١٩٨٤:١٧)، چونکە شاعیر زیاتر مەبەستی دەرخستنی چینایەتی بووە، چونکە شاعیر دەڵێت: من بەتەنها هەر خۆشەویستی شك دەبەم خۆشەویستییەکی زۆر بەهێز، کە لە ناخی دڵمەوە هەڵدەقوڵێت، من پارە و پول شك نابەم، بەرامبەر ئەمەش سەروەتم ناوێت، تەنها بزەیەکت دەمگەێنتە ئەوپەڕی ئاواتەکانم، تاقە پرشنگێکی ئەم کچە، شاعیر دەگەێنێتە لوتکەی بەختیاری.

شاعیر هۆکارێکی دی دەهێنێتەوە، کە دنەی داوە ئەم شیعرە بنووسێت و دەڵێت: ((هاوڕێی بەڕێزم کاك (ئەکرەمی عیزەت نەجیب)، کە لەو کاتەدا لە کۆلیجی (حقوق) بوو، شیعرێکی بۆهێنام کە یەکێك لە شاعیرانی ئەو کۆلیجە، کە بەسەر کچە قوتابییەکانی ئەوسای ئەو کۆلیجەدا هەڵیدابوو، شیعرەکە زۆر جوان بوو، یەك بەیەك ناوی کچەکانی هێنابوو، جگە لەوە کە (جوانی) تایبەتی هەر یەکێکیانی وەك چەپکە گوڵێکی ڕازاوە پیشان دابوو، وەك خۆم بەبیرم داهات، یان کاك (ئەکرەم) پێشنیازی کرد ویستم شیعرێکی لەو بابەتە دابنێم، بەڵام ئەوسا واتا ساڵی ١٩٥٠ زۆربەی ئافرەتەکانی لای ئێمە پەچەیان ئەگرتەوە لەبەر ئەوە لە پێشدا ویستم ناوی چەند مامۆستایەك لەوانە کە پێی ئەڵێن (ست) بهێنم، هەر یەکە بەپێی ئەو جوانییەی تێیدایە پێیدا هەڵبدەم، بۆ ئەم مەبەستە چەند بەیتێکم دانا... لەپاشدا هاتمە سەر ئەوەی کە هەمووی بەسەر ئەو کچەدا هەڵبدەم کە لە پێشدا باسم کردووە ناوی (ست فاتمە)م لێنا.)) (هەردی،١٩٨٤: ٢٣)

کەواتە دەبینین شاعیر هەرچەندە خەیاڵی بەربڵاو بێت، دەبێت واقیعیەتی لەگەڵ تێکەڵ بکات، ئەوەتا دەڵێت: زۆربەی ئافرەتان پەچەیان دەگرتەوە، واتە شاعیر وێنەکانی دووبارە و چەندبارە دەبوونەوە، چونکە ئافرەتەکان ئاڵ و واڵە نەبووین، بە بەژن و باڵای یەکێکیان هەڵبدات و وەسفی قژ و وەسفی بازوو و قۆڵی ڕووت و جۆری جوڵە و بەرگ

و گەلێك شتیتر بکات، تاوەکو شیعرەکە ڕەنگاوڕەنگ خۆی پیشان بدات، بەڵکو هاتووە وەسفی (ست فاتمە) کردووە و جوانی هەموو ئەو ئافرەتانەی، کە لە ژیانی خۆیدا بینیویەتی و کاریان تێکردووە، لە نێو چاوە تەلیســماوی و قەد و باڵای کچێکدا کۆی کردۆتەوە، وەك خۆی دەڵێت ناوم لێنا (ســت فاتمە)، کەواتە دەبێت بۆخۆی ناوێکی دیکەی هەبێت یان ئەو (ست فاتمە)یە ڕووخساری هەموو ئەو کچە جوانانەن، کە لە نەستی شاعیر گیرساونەتەوە و لە یەك جەستە و یەك ڕوخسار ئاوێتەی کردوون.

شاعیر بەرپەرچی ئەوە دەداتەوە، کە ئەم شیعرە بەرەهایی بۆ کچێك نوو سرابێت، کە ناوی (فاتمە) بێت، دەڵێت: ((ئایا شاعیر ئەبێت وەك فۆتۆگرافێك وێنەی دەوروپشتی خۆی بگرێت؟ یان بۆی هەیە سەربەست بێت لە هەڵبژاردنی وێنە و تێکەڵکردنی ئەو ڕەنگ و سـیفەتانەدا کە ئەیەوێ وێنەیان بگرێت))(هەردی، ١٩٨٤: ٢٤) هەروەها کاتێك لە سـاڵی ١٩٥٧ بۆ یەکەمجار شـیعرەکانی بڵاوکردۆتەوە، ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کەوا ناوی (ســت فاتمە) ناوێکی خواســتراوە و شــتێکی ڕاســتەقینە نییە، بەڵام دان بەوە دادەنێت، لەو کاتەدا واتە لە ســاڵی ١٩٥٠ کە ئەو کات گەنج بووە، کچێك سـەرنجی زۆر ڕاکێشـاوە و عاشـقی بووە، جوانی ئەو کچە و هەموو جوانەکانیتر، کە شـاعیریان تەزاندووە لە ژێر ناوی (ســت فاتمە) کەف و کوڵی دەروون و هەســت و ســۆزی ئاگرینی خۆی هەڵڕشــتووە، چونکە ئەوەتا هەردی دەڵێت: ((نەموتووە ئەو کەســەی ئەم شــیعرەی بۆ دانراوە شــتێکی ڕاســت نییە، بەڵکو وتوومە ناوی فاتمە وە نەبێ ناوێکی ڕاستەقینە بێت.)) (هەردی، ١٩٨٤: ٢٥) بەم شێوەیە دەبینین ئەم شیعرە بەپێزە، کە هەڵگری خەیاڵ و سۆزێکی بەتین و بەربڵاوە، هەر وا ســەرپێی نەوتراوە، بەڵکو لە ئەنجامی هەڵچوون و داچونێکی زۆری گڕی دەروون هەڵڕژاوە. ((ئەوەتا واقیع یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە بەشـێکی زۆر لەڕەخنەگران بایەخیان پێداوە لەبەر گرنگی ئەو کاریگەرییە گەورەیەی کە لە پێکهاتەی وێنەدا هەیەتی))(گەردی، ٢٠٠٤: ٧٨) واتا ئەو شــیعرەی لایەنی واقیعیەت بەجۆرێك لەجۆرەکان تیایدا ڕەنگی دابێتەوە بە وێنە و جەوهەرێکی جوان خۆی نمایش دەکات.

لەگەڵ ئەو هەموو ڕونکردنەوانەی (ئەحمەد هەردی) لەســەر ناوی (ســت فاتمە)دا (د. عزەدین مســتەفا رەســوول) دەڵێت: ((خەڵك دەیانوت فلان ست فاتمەیە، بەڵام بۆ شـاری سـلێمانی ناگونجێ تۆ ناوی یەکێ بهێنی بەناوی خۆیەوە کەسـوکاری هەیە مێردی هەیە، هەردی خۆی دەیوت ڕەمزە بۆ ژنێکی جوان، بەڵام ڕەمزە بۆ چی؟ هەردەبێ ناوی فاتمە بێ، ئێمە دەمانزانی لەو چەند ست فاتمانەی هەبوون چوار پێنجێك دەنا سم کە معەلیمە بوون، ئێمە دەزانین هەردی لە کامیانەوە نزیك تر بوو وەکو گەڕەك وەکو ناوچە، ڕەنگە بڵێن کامیان جوانتربێ و بۆ کێ وتراوە، بەڵام لەو دووایە لێیان پرسی وتی: ئەوەی ئێوە لێی دەپرسن هەر نەماوە.)) (ڕەسووڵ، ٢٠١٠/٢/٢٣)، کەواتە دکتۆر عزەدین ئاماژە بەوە دەکات، لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریی شـتێکی نەگونجاوە شـیعر لەسـەر کچێك دابنرێت، دوای ئەوەی مێردی کردووە، منداڵی هەیە، ناوی بهێنیت و بڵێت فلان کەســە. شـیرکۆ بێکەس لەبارەی شـیعری (ســت فاتمە) دەڵێت: ((من بڕوام وایە، کە شـتەکە تەنها پەیوەندی بە خەیاڵی شـاعیرەوە نەبووە، ئەبێ ئەزموونێکی ڕاسـتەقینەی حەزلێکردن و خۆشـەویسـتی تیابێ، دیارە ئەو کاتەی شاعیر شیعر دەنوسێت، واقیع وەك خۆی نەقل ناکات، هەموو شیعرێك بێ خەیاڵ ناکاتە شیعر، بەڵام بەلای منەوە ئەم شیعرە پەیوەندی بە تەجروبەیەکی ڕا ستەقینەوە هەیە، بە حەزێکەوە بۆ خۆ شەوی ستییەکەوە



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بە عەشــقێکەوە، ئەوەش یەکێکە لەو هۆیانەی، کە ئەم شــیعرە گەرم و گوڕە و تەقینەوەیەکی زمان و خۆشــەویســتی تێدایە))(دیدەنی: بێکەس: ٢٠١٠/٢/٨)

ئەوەتە هەردی لە شیعری دوو چەشن دڵداریدا دەڵێت:

ئەو دڵەی وەك بت پەرستێ ڕوو ئەکاتە چاوەکەت

نوێژئەکا بۆ: تیشکی چاو و زوڵفە تێکئاڵاوەکەت

گەرچی ئەیشێلی بەزەبری قۆندەرە و پێڵاوەکەت

قەت بەدڵڕەق باست ناکەم، نایزڕێنم: ناوەکەت (هەردی: ١٩٨٤: ٧٠)

ئەحمەد هەردیش تا دوا  ساتی بەر لە مردنیشی لێیان پرسیوە، ئەو (ست فاتمە) کێیە؟ ئاشکرای نەکردووە و ناوی نەهێناوە، نهێنی و ڕازی دڵی خۆی هەر تەنها بۆ خۆی هێشتۆتەوە و گەورەیی و خۆشەویستی شاعیر ناونیشانی (ست فاتمە)ی لەگەڵ خۆی پێچایەوە و ماڵ ئاوای کرد. هەردی لە تەمەنی هەشـتا و شـەش سـاڵی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١٠/٢٩ لە سـلێمانی کۆچی دوایی کرد و ئەو کۆمەڵە شـیعرە جوانەشـی وەکو دیاری بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەجێهێشـت، کە نەوە دوای نەوە چێژی لێوەردەگرن و لێیان بەهرەمەند دەبن. کە دەڵێت: نایزڕێنم ناوەکەت… کەواتە حەزی نەکردووە، ناوی کەسەکە بیات و ئاشکرای بکات، بۆیە لەگەڵ خۆی خستییە ژێرگڵ.

**١.  ٣  ئیستاتیکای شیعری (چەپکە گوڵێك بۆ ست فاتمە) لە دیدی شاعیران و نووسەراندا:**

هەڵبەتە هەر کەسێك دیوانی (ڕازی تەنیای) ئەحمەد هەردی خوێندبێتەوە، شیعری (چەپکە گوڵێك بۆ ست فاتمە) کاری تێکردووە و بەلایەوە جوان بووە، بەڕای زۆر کەسانیشەوە، کە بە شا شیعری هەردی دانراوە، هەرچەندە جوانی و کاریگەری شــیعر لە کەســێکەوە بۆ کەســێکی دی و لە شــیعرێکەوە بۆ شــیعرێکی دیکە جیاوازە، بۆیە بیرو ڕای چەند نووســەر و شـــاعیرێك دەهێنینەوە، کە لە جوانی و نایابی ئەو شــیعرە دواون. لەوانە کەماڵ میراودەلی لەبارەی ئەم شیعرەدا دەڵێت: ((چەپکە گوڵەکە هەڵبەتە، هۆنراوەکە خۆیەتی بەم پێیە دەبێ هۆنراوەکە هۆنراوەیەکی خۆشەویستی بێ و پێشـکەشـی سـت فاتمە کرابێ))(میراودەلی، ٢٠٠٧: ١١٥) نووسـەری ئەم شـیعرە هەر لە خودی ناونیشـانەکەیەوە وردتردەبێتەوە ئەو دێڕە ڕەنگاوڕەنگ و پڕ وێنەی جوان و مۆســـیقاداری وەك چەپکێ گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ بۆن و بەرامە دێتە بەرچاوی، کە پێشکەش بە دڵدارەکەی دەکات.

خورشید ڕەشید ئەحمەد لە بارەی ئەم شیعرەوە دەڵێت:((ست فاتمە وێنە و تابلۆیەکی ڕۆمانتیکییە، خەیاڵی شاعیر خۆی درو ستی کردووە، لە ڕووخا سارێکی جواندا نا سکترین وە سفی لەش و لاری نەرم و نۆڵی تیا کردووە))(ئەحمەد، ١٩٨٩: ٢٨٧) دواتر دەڵێت: ((ئەم شیعرەی هەردی بۆ ماوەیەك وێردی سەر زمانی لاوانی کورد بوو، لە شیعرەکە چە شنە مۆسیقایەکی گۆرانی تایبەتی نازکی تیادا هەیە، هەردی وەسفیکی هەستی تیا بەکارهێناوە، کە لە واقیعی کۆمەڵەکەوە سەریهەڵداوە))(ئەحمەد، ١٩٨٩: ٢٨٩) د. عیزەت مستەفا رە سول لەبارەی ئەم شیعرەوە دەڵێت ((ست فاتمە لوتکەیەکە لە لوتکەکانی شیعری دڵداری کوردی))(دیدەنی: ڕە سووڵ: ٢٠١٠/٢/٢٣). شیرکۆ بێکەس لەبارەی ئیستاتیکا و جوانی ئەم شیعرە کە ئایا شا شیعری هەردیە، جۆری ئیستاتیکی ئەم شیعرە لەچی دایە؟ بۆچی زۆربەی خوێنەوار و نەخوێندەواری



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کورد پێی ئاشنان و سیحری جوانی ئەم شیعرە لەچی دایە؟ و دەڵێت: ((بێگومان شیعری ست فاتمە ئێمە ناتوانین بڵێین شا شیعریەتی، بەڵکو یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی ئەو، چونکە ڕەنگە شۆڕشی نائومێدی بەلای منەوە شا شیعر بێت، ڕەنگە بەلای یەکێکی ترەوە وانەبێ، خۆی هەردی هەر کەمی نوسـیووە، بەڵام کەمەکەی کەمێکی پوخت و جوان بووە، شیعری ست فاتمەش یەکێکە لەو شیعرانەی بەربڵاوە لەناو خەڵك دیارە، کردنی ئەم شیعرە جوانەش بەگۆرانی لەلایەن گۆرانی بێژی گەورە (عەلی مەردان) بووە هۆی ئەوەی زیاتر شـیعرەکە بکەوێتە سـەر زمانی خەڵکی و بڵاوببێتەوە، شیعرێکە لە شیعرە هەرە جوانەکانی لەناو شیعری غەزەلی کوردیدا کۆمەڵێ هەڵیبژێرین پێم وایە ست فاتمە یەکێکیان ئەبێت، بەڵام شا شیعر یان نا من پێم وایە شیعرێکی جوانە مەسەلەی ئەوەی کامیان شا شیعرە وەك وتم مەسەلەیەکی نسـبییە، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، ڕەنگە دڵدارێك ئەوە بە شـا شـیعر بزانێت، لەبەر ئەوەی خۆی ڕەنگە بە نەوعێك لەو تەجروبانە تێپەڕێت و کاریگەری بەسـەرەوە بێت، لە هەموو حاڵەتێکدا بەو کەمە شـیعرە توانی ڕەفەیەك لە ئەدەبی تازەی کوردی دابنێت، شیعرەکە بەزمانێکی سادەی بەهێز نو سراوەتەوە، تەعبیر لە ساتە وەختی کە سێکی دڵدار ئەکا، توانیویەتی لە ڕێگەی وێنەی جوانەوە تەکسیدی ئەو ئەحساسیە بکات))(دیدەنی: بێکەس ٢٠١٠/٢/٨)

سـدیق بۆرەکەی لەبارەی شـیعری سـت فاتمە دەڵێت ((ئەم پارچە هەڵبەسـتە لەگەڵ ئەوەی پارچە شـیعرێکی دڵدارییە، بەڵام لەو پەڕی شـیرینی و ڕەوانییەوە هۆنراوەتەوە))(بۆرەکەیی، ٢٠٠٨: ١٤٦). دەبینین ئەم کۆمەڵە نوسـەرە بەشـێوەیەکی جوان هەریەکە لە تێڕوانین و دیدی خۆیەوە، جوانی و نایابی ئەو شـیعرەیان خسـتۆتەڕوو، هۆکاری کاریگەرییەکەشـیان باسـکردووە. کەواتە لە ئەنجامی تاوتوێکردنی ئەو بیروڕایانە، دەگەینە ئەوەی ئەم شـیعرە لە گڕوتینی دڵ و دەروونەوە هەڵقوڵاوە و کات و سـات و هۆکاری نووسـینی خۆی هەبووە، کە ئەم شـیعرە بنوسـێت، با لەپاڵ ئەم کچە جوانەش هۆکاریتر و بەژن و باڵای جوان و کچانی چاو تەلیسماویتر گڕ و تینی دەروونی شاعیریان پتر جۆشدابێت و وەك تابلۆی مۆنالیزا شیعرەکەی پڕپڕ لەسیحری ئیستاتیکا کردبێت، هۆکارێکی دیکەی جوانی و ناسکی و تەزووبەخشی و گەرم و گوڕی ئەو شیعرە لەوەدایە، کە هەردی ئەو شیعرەی لەناو جەرگەی ڕۆمانسییەت و کاریگەری شەپۆلی رۆمانسییەت و خەیاڵ و سۆز نوسیووە و وێنەی ڕۆمانسی زۆر جوانی لێدەتکێت، لە هەمان کاتیش سەر بە جیهانی ڕیالیزمە و واقعی کۆمەڵگای ئەوکاتە دەخاتەڕوو.

**٢. ئیستاتیکا لە شیعری (چەپکە گوڵێك بۆ ست فاتمە)ی هەردیدا:**

**٢. ١ ئیستاتیکا لەڕێی زمان و وێنەوە:**

زمان پێکهاتەی سەرەکی دەقی ئەدەبییە، ((زمانی شیعر، یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەقی شیعری، کە توانا و بەهرەی شـاعیر دیاری دەکات))(محەمەد، ٢٠١٧ :٨٣) لە چۆنیەتی دەربڕین و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زمانە لە شـاعیرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت. ئیسـتاتیکای ناونیشـانی دەقەکە، ناونیشـانەکە تا کۆتایی لە گەڵ دەقەکە پەیوەست دەبێتەوە، چونکە بابەتەکە پەیوەستە بە ست فاتمەوە. ناونیشانەکەش لە زەینی خوێنەر دەبێتە دوو بەش: (چەپکە گوڵێك + بۆ ست فاتمە)، دەبینین هەریەك لەم دوو لەتە لە چوار بڕگە پێکهاتووە. چەپکە گوڵەکەش هەڵڕشتنی کۆمەڵێك وشەی جوانە و خواستنە لە بری کۆمەڵێك وشە بەکارهاتووە. وەك لە کوردەواریدا دەڵێن: وشەی جوان گوڵە.

((ناونیشـــان وەك ســـەرە بۆ جەســـتە))(حمداوي، ١٩٩٧: ١١)وەك دەلاقەیەك وایە، لەوێوە جیهانی ناوەوە دەبینین. لە ناونیشانەكەوە هە ست بە ڕۆمانسیەت و نا سكی و بەخشین و جوانی دەقەكە دەكرێت، كە گوڵ ڕەمزێكی جوانی نێو دونیای ئەدەبیاتە.

ڕەنگە زۆربەمان ئەم پرسیارەمان لەلا دروستبێت، ئایا سیحری جوانی ئەم شیعرە لەچی دایە؟ بۆچی هەندێك شیعر بە نەمری دەمێننەوە و نەوە دوای نەوە دەیخوێننەوە و كۆن نابن؟ نهێنی ئەمە لەچی دایە؟ ئەی بۆچی زۆر شیعر هەیە وەك هەواڵەكانی ناو ڕۆژنامەكان تەنها یەك جار بیخوێنیتەوە ئارەزوو ناكەی جارێكیتر بگەڕێیتەوە سەری؟ دەقی نەمر دەبێ چۆن بێ؟ ئەمانە پرســیار گەلێكن، لەڕێی توێژینەوەی ئیســـتاتیكاوە دەگەینە بنج و بنەوانیان. ((گۆڕانی زمانی شیعری لە ئالۆزەوە بۆ سادە بە یەكێك لەو دیاردە گرنگانە دادەندرێت، كە لەگەڵ دەست پێكردنی تازەكردنەوەی شیعری كوردی لەلایەن شـاعیرانەوە كاری بۆ كراوە))(عەزیز، ٢٠٠٦:١٥٢) ئەحمەد هەردیش لە ناوجەرگەی ڕۆمانســیەت ئیشــی لەســـەر ئەم زمانە ســـادەیە كردووە، بەڵام زمانێكی ســـادەی قوڵی بەرهەمهێناوە. ئەم شـــیعرە بەزمانێكی ســـادە و بەكوردییەكی پەتی نووســـراوەتەوە، دوور لە وشـــەی بێگانە، وشـــەكانیش هەڵگری مۆســـیقایەكی جوانن، چۆنیەتی ڕیزكردنی وشـەكانیش شـێوازی شـاعیر دەردەخات، كە چەندە پابەندی مۆسـیقای بەهێز بووە،((زۆربەی هۆنراوەكانی هەردی كوردییەكی پەتین و كەمتر وشـــەی بێگانەی تێدا بەكاربردووە و هۆنراوەكانی هەتا حەزكەی پوخت و جوان و شـیرینن))(بۆرەكەیی،٢٠٠٨: ١٤٢)  لە فەرهەنگی هەمووماندا وشـەكانی: (فاتمە، چاو، مەسـت، تەلیسـم، خەیاڵ...هتد) هەیە، بەڵام چۆنیەتی تێكەڵكردن و پاش و پێش خســتن و مشـتوماڵ كردنی وشـەكان هەر لە توانای شـاعیر بووە و هونەری جوانی لێ دروسـتكردووە، وەك ئەوەی بۆیەی ڕەنگاوڕەنگمان لەبەردەسـت بێت، بەڵام ئەگەر وێنەكێش نەبین، ناتوانین وێنەیان لێ دروسـتبكەین، خۆ وێنە كێشـانی وێنەكێشـێك لە وێنەكێشـێكی تریش جیاوازە، بەو ئەندازەیەش شێوازی شاعیرێك لە شاعیرێكی دیكە جیاوازە، ئیستاتیكاش كۆمەڵێك بنەمای تێكەڵن، وەك باندێكی مۆسیقا ئاوێتەی یەك دەبن و دەنگ و سەدایان بەسەر یەكەوە دەبێت، چونكە زمانی شیعری هەڵگری خەیاڵ و سۆز و هەست و نەست و وێنە و واقعە، دواتر لەڕێی شـــێوازێكی تایبەت دەردەبڕدرێت، بڕوانە ئەو هێڵكارییەی خوارەوە، كە زمان بۆتە چەقی دەقی ئەدەبی و بابەتەكانیتر بەدەویدا دەســووڕێنەوە و ئیســـتاتیكای دەقیش لەڕێی هەڵوەشـاندنەوە و چوونە بنج و بنەوانی ئەم پێكهاتانەوە بەدەردەكەوێ:




هێڵكاری ئیستاتیكای دەقی شیعری



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەم شیعرە لەدوازدە دێر پێکهاتووە، هەر سێ دێڕەی بەجودا ئە ستێرەی لەبن دانراوە، بە شێوەی شەش خشتەکی نووسراوەتەوە، لە شێوەی چوار کۆپلە نیشاندراوە،

کۆپلەی یەکەم: هەردی دەڵێت:

فاتمە دووچاوی مەستت، پڕ تەلیسمی جوانی یە

پڕ شەڕابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانی یە

بەژن و باڵاکەت نموونەی: هەیکەلی یۆنانی یە،

لار و لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە گۆرانی یە

بووکی ڕازاوەی خەیاڵم، گیانەکەم ست فاتمە!

تاقە پڕشنگێکی چاوت ئەو پەڕی ئاواتمە (هەردی، ١٩٨٤: ٦٨)

شــاعیر زمانێکی پاراو و جوانی بەکارهێناوە، وشــەکانیش وەك تەرازو یەکتر کێش دەکەن، بیری شــیعرەکەش وە سفکردنی ست فاتمەیە، کە ئەو ست فاتمەیە، هەرچەندە خەیاڵ درو ستی کردووە، بەڵام لە واقیعی ڕۆژانەماندا بە دەیان ســت فاتمەی دیکە هەن، بەڵام لە ژێر ناوی تردان، لە یەکەم دێرەوە هەســت بە ســۆزێکی بەرز دەکەین، لە کاتی خوێندنەوە تو شی تێڕامان و خورپە و تا سەمان دەکات، چونکە سۆز پردێکە لە نێوان دەق و خوێنەر، شیعرهەرچەندە سۆزەکەی بەهێز بێت، ئەوەندە کاریگەری دەبێت. شاعیر کاتێك وەسفی چاوەکانی ست فاتمە دەکات، وەك شاعیرانیتر ڕەنگی چاوی ناڵێت، یاخود چاوەکانی بە ئەســتێرە و بادەم و...هتد بچوێنێت، بەڵکو هەوڵیداوە وێنەی نوێ بدۆزیتەوە، چونکە بەهێزی شیعر تا ئاستێکی زۆر لەوەدایە، ئایە شاعیر چەند وێنەی نوێی دۆزیوەتەوە؟ نەك بەکارهێنانی وێنەیەك بە ســەدان شــاعیر پێشــتر بەکاریان هێنابێت. شــاعیر لە وەســفی دووچاوی (ســت فاتمە)دا بە دووچاوی مەســت و خەیاڵاوی و جوان وەسفیان دەکات، چاوێك، کە ئەوەندە مەست و خەیاڵاوی بێت، کە هەر کەسێك بیبینێت و بیخاتە شنەی سۆز و تەلیسمێکی سیحراوییەوە، ئێمە نازانین ڕەنگی ئەم چاوانە چۆنە، بەڵام هەر یەکەی بیخوێنێتەوە ڕەنگی چاوی (ست فاتمە)ی خۆی دێتەوە بەرچاو.

ئەم چاوە مە ست و پڕ لە تەلیسم و خەیاڵاویانەش، پڕن لە شەرابی خۆ شەوی ستی و عارەقی یەزدانی، لە نیگای ئەم چاوە مەســتانە، کە تیشــك و بڵێســەیان لێدەبێتەوە، ئەم چاوانە لێوان لێون لە شــەرابی خۆشــەویســتی و عارەقی یەزدانی، هەر کەســێکیش ســەیریان بکات ئەم شــەراب و عارەقە یەزدانییە کاری تێدەکات و مەســت و ســەرخۆش و حەیرانی دەکات.

لە گوتەی (شــەڕابی خۆشــەویســتی) وێنەی بەتەن کردن هەیە، چونکە شــاعیر خۆشــەویســتی لەنێو شــەرابدا کۆدەکاتەوە و قەبارە و بار ستەییەك بە خۆ شەوی ستی دەدات، چونکە خۆ شەوی ستی شتێکی ڕۆحییە و بار ستەیەکی نییە، لەم جۆرە دەربڕینە بارستاییەك بە خۆشەویستی دەدات لە شێوەی شەراب پێشانمان دەدات.

شــاعیر وێنەیەکی نوێی بۆ بەژن و باڵای (ســت فاتمە) دۆزیوەتەوە، کە بە هەیکەلی یۆنانی چواندووە، دیارە کە یۆنانییەکان لە زۆربەی هونەرەکاندا دەســت پێشــخەرییان نواندووە و داهێنەر بوین لە دروســتکردنی پەیکەر هونەری



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەرزی خۆیان نواندووە، شـاعیر نەهاتووە بەژن و باڵای (سـت فاتمە) بەچنار و دارحەیزەران و...هتد بچوێنێت، چونکە ئەم وێنانە بەســـەدان جار بەکارهاتوون و تام و چێژێکی وایان تیا نەماوە، بۆ کاتی خۆیان لێکچواندنی جوان بوون، بەڵام شیعر هەمیشە داوای وێنەی خودی و وێنەی نوێمان لێدەکات، وێنەیەك لە زەین و ئەندێشە و ئیلهامی شاعیرەوە هەڵقوڵابن، وێنەیەك بۆ یەکەم جار هاتبێتە نێو دەقێکی شیعرییەوە و پێشتر لە هیچ شیعرێکی تری خۆماڵی و بێگانە بەکارنەهاتبێت. ئەوسا ئەم وێنە نوێیە هەڵگری ئیستاتیکایەکی نوێ دەبێت بۆ خوێنەر.


شاعیر لارو لەنجەشی بە مۆسیقا و بەستە و گۆرانی چواندووە، بەڵام ئەم جۆرە لێکچواندنە لە شیعری ((لادێ))ی گۆران بەدی دەکرێت.

گۆران دەڵێت:-

... ئەڕۆی بەعیشوە، بەلەنجە، بەوەزنی گۆرانی

ئەڕۆی زڕەی کەمەرت دێ هەتاکو بەرکانی! (گۆران، ١٩٨٠: ٦٠)

گۆران ڕۆیشــتی بە ناز و لەنجە و لاری ئەم ئافرەتەی بە ئاوازی گۆرانی چواندووە، دیارە ئەمەش وێنەیەکی نوێیە، کە لەنجەولار بەئاوازی گۆرانی بچوێندرێت، وێنەیەکی جوانی لە ســـەر بنەمای ((شـــێوازی هەســـت گۆڕکێ)) دروستکردووە، گۆڕینەوەی هەستی بینین بە بیستنەوە، چونکە لار و لەنجە بەچاو دەبینرێت، بەڵام بەم شێوە دەربڕینە ڕۆڵەکەی بە گوێچکە دەدرێ، چونکە گۆرانی و مۆسـیقا دەبیسـترێن، ((گۆران)) هەمیشـە لە هەوڵی دۆزینەوەی وێنەی نوێ دابووە لە زۆر شـوێن لار و لەنجەی بە کۆتر و تاوس و مامز...هتد چواندووە، بەڵام هەمیشـە لە هەوڵی دۆزینەوەی وێنەی نوێ دابووە، ئەمجارەیان لار و لەنجەی بەگۆرانی چواندووە کە پێش گۆران ئەم جۆرە لێکچواندنە نەبووە، کەواتە گۆران وێنەیەکی خودی جوانی دۆزیوەتەوە، (هەردی)ش لەبەر ئامێزی ئەم دێڕە شـــیعرەی گۆران ئیحای بۆ هاتووە و ئەم دێڕە شیعرەی نووسیوە، بەڵام وەکو خۆی وەرینەگرتووە، بەڵکو هەویرەکەی هەڵشێلاوەتەوە و جارێکیتر لە قالبی داوەتەوە و ڕوحێکی گەشــتر و جوانتری پێداوە، چونکە ڕۆیشــتنی بەعیشــووە لای گۆران بە وەزنی گۆرانی چوێنراوە، بەڵام لای هەردی لار و لەنجە بە((مۆســیقا و بەســتە و گۆرانی)) چوێنراوە و بەڕەنگ و بۆیە و چڵ و لیبا سێکی تر پیـشانی داوە و جوانکاری خۆی تیا نواندووە، لە دێرە شیعرەکەی (هەردی) شدا ئەم جۆرە لێکچواندنەش دووجۆرە وێنەی لەخۆدا چڕکردۆتەوە. یەکەم وێنەی لێکچواندنی لێکدراوە، چونکە لار و لەنجە بە سێ شت چوێندراوە بە:(مۆسیقا و بەستە و گۆرانی)




ئەم وێنەیە لێکچواندنی لێکدراوی کۆی مونەکەدە

لەهەمان کاتیشدا وێنەکە بەشێوازی هەست گۆڕکێ دروستبووە، گۆڕینەوەی هەستی بینین بە بیستنە، چونکە لار و لەنجە بەچاو دەبینرێ، بەڵام بەم جۆرە دەربڕینە ڕۆڵەکەی دەگوازرێتەوە بۆ گوێچکە، چونکە((مۆســیقاو بەســتە و



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

گۆرانی)) دەبیسترێن، کەواتە لەم دێڕەدا وێنەی شیعری چڕبوونەتەوە لە زمان و بیر و ئەندێشە و سۆز و نەست، بەشێوەیەکی خەیاڵاوی جوان خۆیمان پیشاندەدات.

کەواتە دەبێ (ست فاتمە) چ ست فاتمەیەك بێت؟ بەئاشکرا دیارە لە نێو هونەرەکان مۆسیقا لە زۆربەیان سەرنج ڕاکێشترە، چونکە خاوەنی سیحرێکی بەهێزە، هیچ کەسێکیش نییە حەز لە جۆرێك لە جۆرەکانی مۆسیقا نەکات، ئەگەر حەز لە مۆسیقاش نەکات، سروشت پڕپڕە لە ئاوازی مۆسیقا، ئەوەتا: هاژەی ئاو و وشەی با و لەرانەوەی گەڵاجاڕی سەرپۆپەی درەخت و دەنگی بارینی باران و چریکەی بولبول و ورتە و چپەی دەنگی هەزارەها باڵندە مۆسیقان و کارمان لێدەکەن، کەواتە لەنجەو لاری (ست فاتمە)ش لەوەزیاترە، چونکە لەنجەو لاری هەر بەتەنها مۆسیقا نییە، بەڵکو بەستە و گۆانییە. بێگومان مۆسیقای خۆش لەگەڵ بەستە و گۆرانی یەکبگرێت ئەوەندەیتر خۆشتر و بەهێزتر دەبێت، لەهەمان کاتیشدا ئەم دێرە هێشتا پڕپڕە لە نهێنی، چونکە ئێمە نازانین ئەم مۆسیقایە کام ئالەتی مۆسیقا دەگرێتەوە، ناشزانین کام جۆرە بەستە و گۆرانییە. بۆیە هەرکەسە و لار و لەنجەی ست فاتمە بە جۆرە مۆسیقایەك دادەنێت، کە خۆی حەزی لێدەکات، هەرکەسە و بەو بەستە و گۆرانیانەی دەچوێنێت، کە خۆی دڵی پێی دەکرێتەوە.

(ست فاتمە) بوکی ڕازاوەی خەیاڵی شاعیرە، شاعیرێکی هەست ناسکی وەك هەردی بە خەیاڵی خۆی جوانییەکانی ست فاتمەی دانابێت، ئاخو دەبێت چۆن بێت؟ لێرەش گرێیەکمان لا دروست دەکات، نازانین (ست فاتمە) چ ست فاتمەیەکە، دیارە خەیاڵی مرۆڤ زۆر فراوانە، شتێك خەیاڵ جوانی بۆ دابنێت زۆر بەرز و جوانترە لەوەی واقیع.

بوکێك خەیاڵ ڕازاندبێتیەوە و مکیاج و جوانکاری بۆ کردبێت، دەبێ چ بووکێك بێت، ئەمەیە ئیستاتیکای جوانی ئەم شیعرە، کە دەیان پرسیارت لەلا دروستدەکات و توشی تێڕامانت دەکات. ئەوپەڕی ئاواتی شاعیریش لە تاقە پڕشنگێکی ست فاتمە دێتە دی، چاوەکانی ست فاتمە ئەوەندە مەست و تەلیسماوین پڕ شەرابی خۆشەویستی و عارەقی خودایی، کە لە هەر نیگایەکیدا بەهەزارەها تیشکی سیحراوی لێ دەردەچێت لەوهەزارەها تیشکە، یەك تیشك بەر شاعیر بکەوێت، دڵ خۆش دەبێت و دەگاتە ئەوپەڕی ئاواتەکانی، واتا ئاواتەکانی شاعیر زۆرن، بەڵام لە گوتەی: ((ئەو پەڕی ئاوات)) واتا ئاواتە هەرە بەرز و هەرە گرنگەکانی شاعیر لەم تیشکەوە دێتە دی. تیشکێکی بچووك، کە لە چاوی ست فاتمە دەربچێت، دەبێتە شوعلەیەك و ڕووناکییەکی زۆر بۆ شاعیر، لە شەوەزەنگ و تاریکی دەربازی دەکات، لە نێو شاعیرانی کلاسیکیدا وێنەیەکی جوان هەیە، کە ئەبرۆیان بە کەوان چواندووە و برژانگیان بەتیر چواندووە، ئەم تیرەش بەدڵی دڵداران دەکەوێت، ئەمە وێنەیەکی جوانە، بەڵام ئەوەندە بەکارهاتووە و سەدبارە و هەزاربارە کراوەتەوە، بۆیە شاعیر وێنەیەکی نوێی لەم چاوە دۆزیووەتەوە، کە تاڵە تیشکێکی چاوی (ست فاتمە) ژیانی شاعیر پڕپڕ دەکات لە ڕووناکی.

شاعیری داهێنەر ئەو شاعیرەیە، کە لە تنۆکە فرمێسکێك و تەڵە شقارتەیەکی بچووك، وێنەی نوێ بدۆزێتەوە، چونکە هەریەك لە مانە هەرچەندە وێنەیان لێ دروستکردبێت، هێشتا بێ ژمار وێنە ماوەتەوە، کە هێشتا

نەدۆزراوەتەوە، ئەرکی شـاعیریش دۆزینەوەی ئەم وێنە نوێیانەیە، هەتا دونیاش مابێت، هیچ شـتێك نییە دوا وێنەی لێ وەرگیرابێت، تا چەند شیعر وێنەی نوێ و سەرنجڕاکێشی تێدابێت، ئەوەندە بەرز و جوان دەبێت.

شـیعرەکە بە هەسـتی بینین وەردەگیرێت، لە گوتەی: بەژن و باڵا، دووچاوی مەسـت، تاڵە پرشـنگ... لە سـەر ئاسـتی کۆپلەکە وێنەکان وەستاون و لە گوتەکانی: جوانییە، یەزدانیە، ئاواتمە هەستی پێدەکرێت.

**٢.٢ ئێستاتیکا لەڕێی مۆسیقای شیعرییەوە:**

**٢.٢.١. کێش:**

بنەمایەکی سەرەکی شیعرە و جۆرە مۆ سیقایەکی جوان بە شیعر دەدات، جا چ کێشی پەنجە بێت یان کێشی عەروز، ئەم شـیعرە بە کێشـی (ڕەمەڵی هەشـتی مەحزوف)داڕێژراوە، کێشـی هەزەج و ڕەمەڵ دووکێشـن مۆسـیقین و لەگەڵ تایبەتمەندی شـیعری کوردی زۆر گونجاون. هەر کۆپلەیەکی شـیعرەکە بەسـەر چوار تەفعیلە دابەشـبووە، واتا هەر نیوە دێڕەی چوار تەفعیلەی هەیە، بەڵام تەفعیلەی چوارەمی هەر نیوە دێڕێك دیاردەی مەحزوفی بەسـەردا هاتووە، بۆ گونجان و لە قالبدانی شـیعرەکە، بۆیە ئێمە تەنها کۆپلەی یەکەمی شـیعرەکە دەخەینەڕوو, چونکە کۆپلەکانی دیکەش بەمان پێودان دەخرێتەڕوو و هەمان کێشیان هەیە:

فـاتمە دوو/ چاوی مـەسـتت/ پــر تـەلیـسـمی/ جـوانی یـە

- ب - -    - ب - -    - ب - -    - ب -

فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلن

پڕ شـەرابی/ خـۆشـەویـستی و/ عارەقی یەز/ دانی یە

- ب - -    - ب - -    - ب - -    - ب –

فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلن

بەژن و باڵا /کەت نموونەی:/ هەیکەلی یۆ/ نانی یە،

- ب - -    - ب - -    - ب - -    - ب -

فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلن

لارو لـەنجەت / مـۆسـیـقایـە/ بەستەیە گـۆ/ رانیە

- ب - -    - ب - -    - ب - -    - ب -

فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلن

بـوکی ڕازا / وەی خەیاڵـم / گـیـانەکـەم سـت / فاتمە !

- ب - -    - ب - -    - ب - -    - ب -

فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلن

تـاقه پـڕ شن/ کـێکی چاوت / ئەو پەڕی ئا / واتمه

- ب - - - ب - - - ب - - - ب -

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

**٢.٢.٢ سەروا:**

سـەروا پێکهاتەیەکی سـەرەکی شـیعرە، د. مارف خەزنەدار لەبارەی قافیەی شـیعرەوە دەڵێت: ((دێڕە شـیعرەکانی شـیعر، بە وشـەیەك دواییان دێت، ئەم وشـانە لەلایەن کێش یان ئاوازەوە لە یەکتری ئەکەن، وە بەلای کەمییەوە، ئەبێ تیپی دوایی هەموو ئەو وشـانەی دێڕە شـیعرەکان یەك بن، ئەم وشـانە قافیەیان پێدەڵێن، بەڵام ئەگەر هاتوو لە شـیعرێکدا قافییەکان گۆڕان، ئەوکاتە هەر بەشـە قافیەیەکی لە یەك چوو وتەی سـەرەوەی بەسـەرا تەتبیق ئەکرێ))(خەزنەدار،١٩٦٢، ١)

ئەم شیعرەی هەردی لەڕووی قالبەوە بە شێوەی شەش خشتەکی نووسراوەتەوە، تەواوی شیعرەکە لە پێنج شەش خشـتەکی پێکهاتووە، هەر کۆپلەیەی لە شـەش نیوە دێڕ پێکهاتووە، دێڕی سـێیەمی هەر شـەش خشـتەکییەکەی شـیعرەکە قوفڵ دەدات و بەتەنها ئەم سـێ دێڕە مانای تەواوی خۆیان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیش ئەسـتێرەی لە بن دانراوە وەك دابڕانێکی نیمچەیی، واتا بە تەواوەتی لەگەڵ چوار لەتە خشـتەکییەکەیتر دانەبڕاوە، بەڵکو وەك حەلقە و زنجیر دەچنەوە ناو یەك و یەکتر تەواو دەکەن، چونکە هەر پێنج شـەش خشـتەکییەکە لەژێر چەتری ناونیشـانی:(چەپکە گوڵێك بۆ سـت فاتمە) کۆبونەتەوە، کاتێکیش شـیعرەکە بەسـەر یەك دەخوێنینەوە مانای تەواوکەری یەکتری دەبەخشن، بە هەمووی وەسفی ست فاتمەمان بۆ بەرجەستە دەکات و پیشانمان دەدات.

**٢.٢,٢ . أ دووبارە بوونەوەی دەنگەکانی سەروا:**

١. ڕەوی: سـەرنج بدەینە وشـەکانی: جوانییە، یەزدانییە، یۆنانییە، گۆرانییە، فاتمە، ئاواتمە. کە وشـەی سـەروان، دەبینین ڕەوی سـێ وشـەی یەکەم (ن)ە، ڕەوی، گۆرانییە، (ی)یە. تەنها هی ناوی فاتیمە، (ە)ڕەوییە و ڕەوییەکەی ڕەسەنە و هی خۆیەتی ئەوانیتر پێوەی لکاوە.

٢. پێش ڕەوی: دەنگی بزوێنی درێژی (ا) لە سێ وشەی یەکەم پێش ڕەوییە .لە وشەی گۆرانی: (ن)ڕەویە.

٣. پاش ڕەوی: دەنگی (یی، ە) لە چوار وشـەی یەکەم پاش ڕەوین. کەواتە پاش ڕەوی لە سـێ دەنگ پێکهاتووە، بەمەش مۆسیقاکەی ساز و بازە.

لە نێوان گوتەی (جوانی یە، یەزدانی یە، یۆنانی یە، گۆرانی یە) و شە ئارایەکی جوان هەیە، چونکە لەم دەربڕینانە لە دەنگەکانی (ا، ن، ی، یـــ، ە) هەموویان هاوبەشن و مۆسیقایەکی ناوەکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە، ئەم پێنج دەنگە لە دوو دێڕی یەکەم دووبارە بونەتەوە، واتا چوار جار بەدوای یەکدا هاتوون و مۆسـیقایەکی ئەوەندە جوانی پێبەخشیوە، هەست بە هیچ گرێ و گۆڵێك ناکرێت و زۆر بەڕەوانی لە ناو گوێچکەی خوێنەردا دەزرنگێتەوە.

**٢,٢ .٢ . ب ئاوازی ناوەوە :** دیوی ناوەوەی شیعرەکە دەگرێتەوە، کە سەدا و دەنگدانەوەیەکی جوان بە شیعرەکە دەدات و جوانی پێدەبەخشێت، کاتێکیش خوێنەر دەقە شیعرێك دەخوێنێتەوە، ئەگەر ئەم دەقە ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی جوان بێت، ئەوا بە هەردووکیان مۆسیقایەکی جوان بە شیعرەکە دەبەخشێت، ئاوازی ناوەوەش لە چەند بارە کردنەوە ی (دەنگ) و (وشە) دروستدەبێت.

١ــ **دووبارە بونەوەی دەنگ :ـــــ** دووبارە بوونەوەی دەنگ پێکهاتەیەکی سەرەکی شیعرە لە هەموو سەردەمێك، ((سەرەتای بنەماکانی دووبارە بوونەوە لە شیعر، پێویستە لە ئاستی دەنگسازی دەست پێبکەین، تا گەورەترین یەکەی شیعری کە خودی شیعرەکەیە))(حوسێن، ٢٠٢١، :١١٠) ئەم دەنگانەش بەپێی حیسابێکی ئاماری پێکهاتەی شیعرەکەت بۆ دەردەکەوێت، لە جۆری خێرایی و خاوی مۆسیقاکەیی و کاریگەری ئەو دەنگانە لە ڕسکاندنی ئیستاتیکای مۆسیقای شیعرەکە. بەپێی زۆری دووبارەبوونەوەکان کۆمەڵێك دەنگمان وەرگرتووە، بەتایبەتی ئەوانەی زۆر پاتە بوونەتەوە.

لە کۆپلەی یەکەم ژمارەیەکی زۆر دەنگ چەند بارە بۆتەوە و جوانی و مۆ سیقای بە شیعرەکە بەخشیوە، وا یەك یەك ئەو دەنگانە دەخەینە ڕوو کە زۆرترین دووبارە بونەوە و چەند بارە بونەوە لەخۆدەگرن.

ـ دەنگی (أ) ٢١جار دووبارە کراوەتەوە لە وشەکانی: (فاتمە،چاوی، جوانی، شەرابی، عارەقی، یەزدانی ،باڵاکەت ، یۆنانی، لارو لەنجەت، مۆسیقایە، گۆرانی یە، رازاوە، خەیاڵم، گیانەکەم، ست فاتمە، تاقە،چاوت، ئاواتمە).

- دەنگی (ت): ١٢ جار دووبارە بۆتەوە لەم شەش خشتەکییەی یەکەم، لە وشەکانی (فاتمە، مە ست – ت، تەلیسم، خۆشەویستی، باڵاکەت، لارو لەنجەت، بەستەیە، ست، فاتمە، چاوت، ئاواتمە) لە چەند بارە بونەوەی دەنگی (ت) مۆ سیقایەکی جوانی ناوەکی درو ستبووە. لەم ١٢ پات بوونەوەیە: ٤ دانەیان لەڕێی هێنانەوەی جێناوی لکاوی کە سی دووەمی تاك پاتە بوونەتەوە ئەمانەن: مەستت، باڵاکەت، لەنجەت، چاوت.

- دەنگی (یـــ) ٢٣ جار دووبارە بۆتەوە لەم و شانەدا: (تلیسم، جوانی- یە، خۆ شەویستی، عارەقی، یەزدانی -یە، نمونەی، هەیکەلی، یۆنانی یە، مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانی یە، بووکی، خەیاڵم، گیانەکەم).

- دەنگی (ە) ٣٠ جار دوبارە بۆتەوە لە وشەکانی (فاتمە، مەست، تەلیسم، جوانی یە، خۆشەویستی، عارەقی، یەزدانی یە، نمونەی، هەیکەلی، یۆنانی یە، لارو لەنجەت، مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانیە، رازاوەی، خەیاڵم، گیانەکەم، فاتمە، تاقە، ئەوپەڕی، ئاواتمە، بەژن و، باڵاکەت).

ـــــــ دەنگی (و) ٨ جار دوبارە کراوەتەوە ، لە دەربڕینانەی (چاوی، جوانی یە، خۆ شەویستی و عارەقی ، رازاوەی ، ئەوپەڕی، ئاواتمە، چاوت. دوو سیانیان بە هۆی ئامرازی لێکدەرەوە دووبارە بوونە تەوە، ئەوانیش لە وشەکانی: خۆشەویستی و،لار و لەنجەت، بەژن و باڵاتدا دەبیندرێن.

ـ دەنگی (وو) ی درێژ ٣ جار پاتە بۆتەوە لەم وشانە (دوو، نموونەی، بووکی).

ـ دەنگی (ۆ) ٤ جار دووبارە کراوەتەوە لە وشانەدا بەدەر دەکەوێت (خۆشەویستی، یۆنانی، مۆسیقا، گۆرانی).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

- دووباره بوونەوەی دەنگی لێكنزیك: لەڕووی ئاوازەوە دەنگەكانی (و، وو، ۆ) زۆر لێك نزیكن و دەنگ و سەدایان تێكەڵی یەك دەبن و سازگەی دروستبوونیان لێكنزیكە و تاڕادەیەك هاوئاوازن، لەم سێ دێرە شیعرە دەنگی (و) ٨ جار دووباره كراوەتەوە، دەنگی (وو) ٣ جار دووباره كراوەتەوە، دەنگی (ۆ) ٤ جار دووباره بۆتەوە، بە هەر سێ دەنگەكان (و، وو، ۆ)١٥ جار دووباره بونەتەوە و ئەم دەنگانەش زۆر لە یەك نزیكن و ئاوازێكی دڵگیر بە شیعرەكە دەبەخشن.

ـــــــ دەنگی (م) ٧ جار دووباره كراوەتەوە لەم وشانە:(فاتمە، تەلیسم، نموونەی، خەیاڵم، گیانەكەم، ست فاتمە، ئاواتمە). سێ دانەیان دووباره بوونەوەی جێناوی لكاوی كەسی یەكەمی تاكە، كە ئەمانەن:خەیاڵم، گیانەكەم، ئاواتم.

ـ دەنگی (س) ٦ جار دووباره بۆتەوە لە وشەكانی: (مەست، تەلیسم، خۆشەویستی، مۆسیقا، بەستە، ست).

ــــــ دەنگی (ش) ٣ جار دووباره بۆتەوە لە وشەكانی: (شەراب، خۆشەویستی، پرشنگی) لە نێوان فاتمە و ئاواتمە وشە ئارایەكی جوان هەیە و مۆسیقا و ڕتمیان لەیەك نزیكە و جوانی بە شیعرەكە بەخشیوە.

دەبینین، ئەم دەنگانە بەشێوەیەكی هونەری ئاوێتەی یەكتر بووین، سیما و خەسڵەتێكی جوانی بەم شیعرە بەخشیوە، دەنگە دووباره بووەكان، وەك شەپۆلە ئاوازێكی ڕەنگاوڕەنگ بەر گوێمان دەكەون، وەك پۆلێ چۆلەكەی هەڵفڕیوە لە ئاسماندا جریووە و جوكەمان پێدەبەخشن.

٢،٢ .٢. پ **دووبارەبوونەوەی وشە:** دووباره بوونەوەی وشە مۆسیقایەكی جوان و خۆش بە گوێچكەی خوێنەر و گوێگر دەبەخشێت، ئەمانیش دەبن بە دوو بەشەوە : دووبارەبوونەوەی وشە لە ئاستی ئاسۆیدا واتا لە ئاستی نیوە دێڕێك مامەڵە لەگەڵ وشە دووبارەبووەكان دەكرێت، دووبارەبوونەوەی وشە لە ئاستی ستوونی: واتا تەواوی دوبارەبووەكان دەگرێتەوە لە ئاستی ستوونی و سەرجەم دووبارەبووەكان وەردەگیرێت.

**١ـ دووبارەبوونەوەی وشە لە ئاستی ئاسۆیدا:**

دووباره بوونەوەی وشەی تێدا نییە لە ئاستی ئاسۆیی، بەڵام لە نێوان وشەی (بەژن) و (باڵا) هەرچەندە لەڕووی فۆڕمەوە یەك وشە نین ، بەڵام لەڕووی فەرهەنگییەوە هاوواتای یەكترن و هەردوو وشەكانیش لە دەنگی (ب) هاوبەشن و مۆسیقایەكی ناوەكی بە شیعرەكە دەبەخشن.

**٢ ـ دووباره بوونەوەی وشە لە ئاستی ستونیدا:**

هەردی لەم كۆپلە شیعرەدا لە ئاستی ستونیدا چەند گوتەیەكی دووباره كردۆتەوە، ڕۆڵیان بینیووە لە جوانكردنی مۆسیقای ناوەكی شیعرەكە.

ناوی (فاتمە) دووجار هاتوە، لەسەرە دێڕی یەكەمی شیعرەكە و لە دووا وێستگەی دێڕی سێیەمیش.

(چاو) دوو جار هاتووە.

كۆپلەی دووەم:

گەرچی دڵداری لە خاكی ئێمەدا، ئەفسانەیە

هەر بەتەنیا بۆ كوڕی خاوەن تەلار و عانەیە

گیانەكەم! ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە

بێ ئەوەی هیچ شك بەرێ، کوژراوی ئەو چاوانەیە

هەر بەتەنها خۆشەویستی شك ئەبەم، ست فاتمە!

سەروەتم ناوێ، بزەی تۆ: ئەوپەڕی ئاواتمە...(هەردی: ٦٨)

**٢,٢ .٢ . ت لەڕووی زمان و وێنەوە:**

شـــاعیر لایەنی هەژاری و نەداری پیشـــاندەدات، کە چۆن بۆتە ڕێگر و کۆت و زنجیر لەبەردەم دوو دڵدار. هەر لە کۆنەوە وابووە تاکو ئێستاش کەم و زۆر ئەم دیاردەیە ماوە، شاعیر دڵداری لە خاکی خۆی بە ئەفسانە دادەنێت، دیارە کە ئەفسـانەش دوورە لە واقع و شـتی خەیاڵاوییە، بەڵام ئەو کوڕانەی خاوەن تەلار و پارەن، زیاتر دەتوانن بە مەرامی دڵی خۆیان بگەن. شاعیر تەنها دڵدارییەکی بێگەرد پڕ تامەزرۆی هەیە، شاعیر تەنها خۆشـەویسـتی هەیە، سـەرمایەی ئەو تەنها سۆز و خۆشەویستییە و هیچیتر. بێگومان سۆز و خۆشەویستیش دەوڵەمەندی ناخە و سەرچاوەی ژیان و کامەرانی و خۆشـگوزەرانییە. ئەگەر سـەرنج بدەینە کۆپلەی یەکەمی ئەم شـیعرە، سـەراسـیمە سـەودا لەگەڵ جوانی و ڕۆمانسـییەت دەکات، سـەرەتا وەك ناسـاندنێك (سـت فاتمە) دەناسـێنێت، کە چەند جوان و نایاب و شـۆخ و شـەنگ و دڵڕفێنە... چاو و بەژن و باڵا..دەخاتەڕوو، لە کۆپلەی دووەم تامەزرۆیی داماو و هەژارێك دەخاتەڕوو، کە بەرامبەر جوانی سـت فاتمە تاسـاوە، سـت فاتمە خاوەن موچە و پایە بەرزبووە، چونکە بۆ ئەو کات مامۆسـتا و موچەخۆر لە چینێکی بەرزی کۆمەڵ بوون لە چاو چینی ڕەنجبەر و هەژار و کرێکاران، لەم کۆپلەیەدا لایەنی ڕیالیزمی دەخاتەڕوو، ئەو گەنجە چۆن بگات بە سـت فاتمە، کە چەکی ئەو تەنها خۆشـەویسـتییەکی بێڕادەیە، چونکە لە نێو ئەدەبیاتیشـدا ئەوە ڕەنگیداوەتەوە، کە زۆر جار کچە ئاغایەك حەزی لە کوڕە شوانێك کردووە، بنەماڵە و دەوروبەر نەیانهێشتووە ئەم کارە ڕووبدات. لە دوو چینی جیاواز دوو دڵدار هەبن ڕێگرییان لێبکرێ، ئەوە چ جای ئەوەی، کە لەو شـیعرەی هەردیدا کە هێشتا کوڕە هەژارەکە نەیتوانیوە لەبەر هەژاری و نەداری هەستکردن بە زەلیلی خۆی هەر لەناو خەمە و دووکەڵ و بڵێسـە و سـوتانی لێهەڵدەسـتێ. وێنەکانی نێو ئەم کۆپلەیە وێنەی جوڵاون، وێنەی جوڵاو ((ئەو وێنەیەیە بەردەوامی جموجۆڵی نیشاندەدات و وێنەکە لە برست نەکەوتووە))(عیسا، ٢٠٠٩: ١٧٨) لە وشەکانی: ئەفسانەیە، عانەیە، شێتانەیە، شـــك دەبەم، ئاواتمە. ئەم بەردەوامیە و جوڵاوییە دەبیندرێت. لە دەربڕینی گوتەی: (دڵی من لەم دڵە شـێتانەیە) وێنەیەکە بەشـێوازی بەکەس کردن دروسـت کراوە، کە ئەندامێکی جەسـتە بەتەنها وەك مرۆڤێك وەرگیراوە. لەگوتەی (دڵداری و ئەفسـانە) وێنەی ژیرین. لە تەواوی کۆپلەکەشـدا هەسـتی بینین زاڵە و وێنە وەسـفییەکە بە هەسـتی بینین وەردەگیرێ، وەك لە گوتەکانی: کوژراوی دووچاو، بزەی تۆ... دەبیندرێ.

**٢,٢ .٢ . ج لەڕووی مۆسیقاوە:**

**١-دووبارە بوونەوەی دەنگەکانی سەروا:**

وشەکانی: (ئەفسانەیە، عانەیە، شێتانەیە، چاوانەیە، فاتمە، ئاواتمە). سەروای کۆپلەی دووەمی شیعرەکەن.

ڕەوی: لە وشـــەی: ئەفســـانەیە، عانەیە: (ە)ڕەوییە، پێش ڕەوی(ن)ە، پاش ڕەوی (ی،ە)لە وشـــەکانی: شـــێتانەیە، چاوانەیە پێش ڕەوییەکان لە ٥ دەنگ پێکهاتووە: (ا،ن،ە،ی،ە)، فاتمە: وشە ڕەسەنەکەیە (ە) ڕەوییە، پاش ڕەوی نییە.

**٢- دووبارەبوونەوەی دەنگ:**

- دووباره بوونەوەی (أ):

لە و شەکانی: دڵداری، ئێمەدا، ئەفسانەیە، بەتەنها، خاوەن، عانەیە، گیانەکەم، ئەمما، شێتانەیە، کوژراوی، چاوانەیە، بەتەنیا، فاتمە، ئاواتمە. لە ١٢ و شە دەنگی (أ)پاتە بوونەتەوە. کە شەش دانەیان پێکهاتەی سەروای شیعرەکەن، لەوانە: ئەفسانەیە، عانەیە، شێتانەیە، چاوانەیە، فاتمە، ئاواتمە.

- دووبارەبوونەوەی دەنگی (ب): لە وشەکانی: بەتەنیا، بۆ، بێ، بەتەنیا، شك ئەبەم، بزە. دەبینین لە ٦ شوێن دووبارە بوونەتەوە. دوانین وشەن: ئەبم، بزە. چوارەکەیتر ئامرازن: بە، بۆ، بێ، بە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی (ت): لە وشـەکانی: تەنیا، تەلار، شـێتانەیە، بەتەنیا، سـت، سـەروەتم، تۆ، ئاواتمە. ٨ جار پاتە بوونەتەوە، تەنیا و بەتەنیا لەسەر ئاستی ستوونی و ئەوانیتر لەسەر ئاستی ئاسۆیی پاتە بوونەتەوە.

-دووبارە بوونەوەی دەنگی (چ):لە وشـەکانی: گەرچی، چاوانەیە، هیچ، تەنها لە ٣ جار هاتووە، کە یەکێکیان وشـەی سەرواکەیەتی.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(د):لە وشـەکانی: دڵداری، دڵی، دڵە. ٣ جار هاتووە. دڵی و دڵە لەسـەر ئاسـتی ئاسـۆیی لە نیوە دێڕی دووەم هاتوون.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(ە):لەم دەربڕینانە هاتووە: گەرچی،لە، ئێمە، ئەفســانەیە،هەر، بەتەنیا، خاوەن، تەرار، عانەیە، گیانەکەم، ئەمما، لەو، دڵە، شێتانەیە، ئەوەی، شك بەرێ، ئەو، چاوانەیە، هەر، بەتەنیا، ئەبەم، فاتمە، سەروەرتم، بزەی، ئەو پەڕی، ئاواتمە. ٣٨ جار پاتە بۆتەوە، لە هەندێك وشەیان زیاتر لە (ە)تێدایە.

لە وشەکانی: هەر، هەر. دەبینین تەنها وەك ئامراز ٢جار هاتووە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(و):لە دەربڕینەکانی: تەلار و، لەو ، کوژراوی، خۆشــەویســتی، ســەروەرتم، ئەو پەڕی، ئاواتمە. ٨ جار هاتووە، دانەیەکیان هی سەرواکەیەتی. لار و لەنجە: لێرەدا –و- وەك ئامزازی پەیوەندی هاتووە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(س):لەم دەربڕینانە هاتووە: ئەفسانەیە، خۆشەویستی، ست، سەروەتم. دەبینین ٤ جار هاتووە، کە یەکێکیان هی قافیەکەیەتی.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(ش):لەم دەربڕینانە هاتووە: شێتانەیە، شك بەرێ، خۆشەویستی، شك ئەبەم. دەبینین ٤ جار پاتە بۆتەوە، یەکێکیان هی قافیەکەیەتی.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(ز):تەنها لەم دەربڕینە: بزەی: تەنها ١ جار هاتووە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(ژ):تەنها لەم دەربڕینە هاتووە: کوژراوی.

دەنگەکانی(س،ش، ز، ش) ســازگەیان زۆر لێکنزیك و دەنگ و ئاوازیان تێکەڵی شـەپۆلی یەك دەبن، لەم کۆپلەیەش دا: س: ٤جار، ش: ٤جار، ز: ١جار، ش، ١ جار، بە هەمووی =١٠ جار دەنگی لێکدی نزیك.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی (ی): لە وشـــەکانی: (گەرچی، دڵداری، خاکی، تەنیا، کوڕی، گیانەکەم، دڵی، ئەوەی، کوژراوی، تەنیا، خۆشـەویسـتی، ئەوپەڕی، لە وشـەی: خۆشـەویسـتی: دووجار. لە سـەرواکانی: ئەفسـانەیە، عانەیە، شێتانەیە، چاوانەیە، چوار جار. بەهەمووی ١٧ جار پاتە بۆتەوە.

کۆپلەی سێیەم:

خۆشەویستی وا کەنامەی خوایە بۆ پێغەمبەران

بەرز و ناسك، وەك هەناسەی پڕ گوڵاوی دولبەران

نەك وەکو حەزکردنی دینار و گەوهەر پەروەران

ئەو کەسانەی بۆ قڕانێ، چەندە دڵیان هەڵوەران!

خەڵقی تر، پارە پەرستی، با بکەن، ست فاتمە!

من بەتەنیا، تۆپەرستی، ئەو پەڕی ئاواتمە...(هەردی: ٦٨-٦٩)

دڵدار و شـــەیدا دڵی خۆی وادەداتەوە، بەوەی کە خۆشـــەویســـتی نامەی خودایيە چ بۆ پێغەمبەر چ بۆ دڵداران، کەسی شەیدا مەسەلەکەی خۆی بەرزدەکاتەوە بۆ بەهێزکردنی بابەتەکە و بەخشینی مزداقیەتێکی بەهێزتر و دەڵێت: خۆشـەویسـتیت نامەی خودایە بۆ پێغەمبەران، بەم شـێوەیەش بەرز و ناسـکە وەك ئەو هەناسـە بۆنخۆشـەی کە بۆنی گوڵاوی پێوەیە بۆ دولبەران، واتا نامەی خودا بۆ پێغەمبەران خۆشەویستی بۆ مرۆڤیش وەك ئەو هەناسە خۆشەیە بۆ عاشـقان، وەك چۆن پێغەمبەران شـەیدای خودا و ئەو ئایینە بوونە بۆ بڵاوکردنەوەی خۆشـەویسـتی و پەیام بیریان لە پارەوپول و سامانی دونیا نەکردۆتەوە، بەڵکو تەنها بیریان لە شەیدابوون بەخودا و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی مەرامی سەرەکی و بنەڕەتی بووە، شاعیریش لەو سۆنگەیەوە هەستی خۆی دەردەبڕێ و مادە و پارەوپوول بێ بەها و بێ نرخ دەکات و خۆشەویستی بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستێکی بەرز و پارەوپوولیش وەك چرکی دەست بە قەرپ و پوچ دادەنێت. شاعیر گوێ بەوە نادات خەڵکیتر خەریکی پارەپەرستی و ماڵ کۆکردنەوەن و بەدوای پارەدا کەوتوون، قیبلەی شاعیر تەنها خۆشـەویسـتییە لە تای تەرازووێکدا پارە و سـامانی دونیا دێنێتە خوارەوە و بێ نرخی دەکات، خۆشـەویسـتی بەرزدەکاتەوە و نرخی بۆدادەنێت. دەبینین ئەو شـیعرە لە چوار شـەش خشـتەکی پێکهاتووە، دوو لە دێڕەکان تەرخانکردووە بۆ دەردی نەبوونی و بۆ ئەو ڕێگرییە زۆرەی لەنێوان دوو کەس کەسامان دەبێتە دێوەزمەیەکی ترسناك و هەمیشـە لێکیان دووردەخاتەوە و تووشـی سـەرەڕۆیی و کارەسـاتیان دەکات. زمانەکەی زمانێکی قەناعەت پێکەرە، چونکە لایەنی مادی و لایەنی ئایدیا بەراورد دەکات، کەلایەنی ئایدیا، کە دواتر دەبێتە خۆشەویستی کە بەسەر جیهانی مادی زاڵی دەکات. لەم کۆپلەیەدا وێنە بەپێی هەسـتی بۆنکردن لە گوتەی: هەناسـەی پڕ گوڵاو، هەسـتی پێدەکرێ. لە گوتەی دڵیان هەڵوەراند، خواستن هەیە، هەڵوەراندنی لە درەختەوە گواستۆتەوە بۆدڵ.

**١-دووبارە بوونەوەی دەنگەکانی سەروا:**

لە وشەکانی: پێغەمبەران، دولبەران، پەروەران، هەڵوەران، فاتمە، ئاواتمە.

ڕەوی دەنگە ڕەســـەنەکانی وشـــەکەیە لەوانە: پیغەمبەر، پەروەر، (ر)ڕەویە،(ە)پێش ڕەوییە، (ا،ن) پاش ڕەوین. هەڵوەران: لە (هەڵوەرین)ەوە هاتووە، لەگەڵ فاتمە: ن-ە دەبنە ڕەوی. ئاواتمە: ت: ڕەویە، (ا)پێش ڕەوییە، (م-ە)پاش ڕەوین.

**دووبارە بوونەوەی دەنگ:**

- دووبارە بوونەوەی (أ): لە وشـەکانی: وا، نامەی، خوایە، پێغەمبەران، ناسـك، هەناسـەی، گوڵاوی، دینار، پەروەران، کەسـانەی، قڕانی، دڵیان، هەڵوەران، پارە، با، فاتمە، بەتەنیا، ئاواتمە. ١٨جار پاتە بۆتەوە: دوانیان هی قافیەکەن: فاتیمە، ئاواتمە. دوانیان ئامرازن: وا، با.

- دووبارەبوونەوەی دەنگی (ب): لە دەربڕینەکانی: بۆ، پێغەمبەران، بەرز و، دولبەران، بۆ، با، بکەن، بە تەنیا. دەبینین ٨ جار پاتە بۆتەوە، ٣ جار وەك وشـــەی قافیە: پێغەمبەران، دولبەران، هەڵوەران. ٤جار وەك ئامراز: بۆ، بۆ، با، بە. ١ جار وەك وشە: بەرز.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی (پ):لەم دەربڕینانە: پێغەمبەران، پڕ، پەروەران، پارە، پەرسـتی، تۆپەرسـتی. ٦جار پاتە بۆتەوە، دووجار وەك قافیە: پێغەمبەران، پەروەران. دەنگی (ب،پ)ســـازگەیان لێکنزیکە بۆیە بە هەردوو دەنگەکە ١٤ جار پاتە بوونەتەوە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی (ت): لە وشـەکانی: خۆشـەویسـتی، خەڵکیتر، پەرسـتی، سـت، بەتەنیا، تۆ، پەرسـتی، ئاواتمە. ٨ جار پاتە بۆتەوە، ٢ دانەیان هی قافیەکەن: فاتمە، ئاواتمە. دانەیەکیان ڕاناوی سەربەخۆیە بۆکەسی دووەمی تاك: تۆ.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(د):لە وشەکانی: دولبەران، حەزکردنی، دینار، دڵیان. ٤ جار پاتە بۆتەوە، دانەیەکیان هی قافیەکەیەتی: دولبەران.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(هــــ):لە وشـــەکانی: هەناســـەی، گەوهەر، هەڵوەران، ٣جار هاتووە، دانەیەکیان هی قافیەکەیەتی: هەڵوەران.

- دووبارە بوونەوهی دەنگی (ە):لەم دەربڕینانە هاتووە: خۆشـــەویســـتی، نامەی، خوایە، پێغەمبەران، بەرز، وەك، هەنا سەی، دولبەران، وەکو، حەزکردنی، گەوهەر، پەروەران، ئەوکە سانەی، چەندە، هەڵوەران، خەڵقی تر، پارە پەر ستی، بابکەن، فاتمە، بەتەنیا، پەرستی، ئەوپەڕی، ئاواتمە. (٣٤)جار پاتە بۆتەوە، لە هەندێك وشە زیاتر لە یەك (ە)ی یتێدایە.

- دوو بارە بوو نەوەی دەنگی(و): لە دەربڕینە کانی: وا، خوا یە، بەرز و ناســـك، گوڵاوی، دولبەران، وەکو، دینار و، گەوهەر، ئەو، هەڵوەران، ئەو پەڕی. ١٢جار پاتە بۆتەوە. ٤جار وەك ئامراز: وا، بەرز و ناســـك، دینار و، وەکو. ٤ جار وەك قافیە: دولبەران، پەروەران، هەڵوەران، ئاواتمە. ١جا وەك ڕاناوی کەسی سەربەخۆ بۆ سەسی سێیەمی تاك: ئەو.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(س):لەم دەربڕینانە هاتووە: خۆشەویستی، ناسك، هەناسەی، کەسانەی، پەرستی، ست، تۆ پەرستی. ٧ جار پاتە بۆتەوە.

- دووباره بوونەوەی دەنگی(ش):لەم دەربڕینە ١جار هاتووە: خۆشەویستی. بەڵام لە گەڵ دەنگی (س)ەکان مۆسیقای لێکنزیك دەبێتەوە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(ز):لەم دەربڕینانە هاتووە: بەرز و ناسك، حەزکردنی.٢جار هاتووە، دەنگی (ز،س)سازگەیان لێکنزیکە وەك لە وشەی: (بەرز، ناسك) دەردەکەوێت.

کۆپلەی چوارەم:

زۆر کەڕەت هانم ئەدا، داخی دەروونی پڕ گڕم

بۆتی هەڵڕێژم: سکاڵای ناسکی گەرم و گوڕم...

داخەکەم، کاتێ کە دێمە بەردەمت، واقی وڕم

وام ئەشێوێنێ بە جۆرێ نایەڵێ هیچ دەربڕم..!

بووکی ڕازاوەی خەیاڵم! گیانەکەم ست فاتمە..!

گوێ یە بۆ ئەم ڕازە شل کەی، ئەو پەڕی ئاواتمە..(هەردی: ٦٩)

لە دوای ئەوەی شاعیر لە کۆپلەی یەکەمدا بە جوانی ست فاتمە هەڵدەڵێ و لە کۆپلەی دووەم و سێیەم باسی کێشەی هەژاری و نەداری دەکات، کە کۆمەڵگای دابەش کردووە بە سەر چەندین چین و توێژدا، لە دوا کۆپلەی کۆتایدا، باسی کێشە دەروونییەکانی مرۆڤ دەکات بەرامبەر بەیەکتری، ئەوەتا دەروونی شاعیر پڕ گڕ و بڵێسەیە و دڵی پڕ لە سکاڵای کەرم و گوڕە، دواتر باس لە لایەنی ئەم شەرمە زۆرە دەکات، کە لەلایەن ئەم تاکە هەیە، ئەم عاشقە شەرم و ترسی کۆمەڵایەتی هێندە بەسەریدا زاڵە، نازانێت بە چ شێوازێك پێی بڵێت. لە کەمەڵگای ئەوکاتی کوردەواری، ترس و عەیب و شەرم ڕێگر بووە، شەرم لەچی؟ بەم شێوەیە شاعیر گرێگوێرەی دەروونی عاشق ناکاتەوە و هەر بەتاسە و کەسەر و شەرمەوە دەیهێڵێتەوە، ئەوە لە کۆتایدا دووبارە دەبێتەوە. شاعیر بەو هیوایەیە ست فاتمە گوێ بۆ ئەو حەز و ئارەزوو و تامەزرۆییە شل بکات، چونکە عاشق وەك دەروێشێکی تەریقەی عیشق تەنها ست فاتمەی گەرەکە، هێشتنەوەی ئەو گرێیە دەروونییە، نەوێرانی دەربڕینی ڕازی خۆشەویستی خۆیی و بۆ یەکلاکردنەوەی بوون و نەبوون مەیسەربوونی مەیسەر نەبوونی کارەکە، جۆرە کەسەرێك و حەز و خولیایەکی هەمیشەیی دەهێڵێتەوە.

لەم شیعرەدا لایەنی ڕۆمانسییەت و ڕیالیزمی دەبیندرێت، شاعیر ڕۆمانسییەت و ڕیالیزمی ئاوێتەی یەکتر کردووە. دەتوانین بڵێین کۆپلەی یەکەم تەواو ڕۆمانسییە و لایەنی جوانی و لەشولاری ست فاتمەی بەدەرخستووە، بەڵام لە سێ کۆپلەکەیتر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لایەنێکی کەتواری کۆمەڵگای پیشانداوە، بەشێوەیەکی جوان هەردوو لایەنەکەی تێکەڵ کردووە. لەم کۆپلەیەدا وێنەکان بە هەستی بینین و بیستن وەردەگیرێن، لە گوتەی دێمەبەردەمت، هەستی بینینە. لە گوتەی گوێ بۆ ئەم ڕازە شلکە، هەستی بیستنە.

لەسەر ئاستی تەواوی شیعرەکەدا بە هەستی: بینین، بیستن، بۆنکردن دەبیندرێت، بەڵام زۆربەی وێنەکان بەر هەستی بینین دەکەون، چونکە وەسفی جوانی ئافرەتێك دەکات، کە هەستی بینین بەشدارییەکی زۆر دەکات لە ڕوومالکردنی جوانییەکان.

شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

ئەو بەتەنها بۆ گوڵی سەرمێز و بادە تۆی ئەوێ

هەر کە جارێ بۆنی کردی، جا گوڵێکی نوێی ئەوێ! (هەردی: ٧١)

لەم شیعرەشدا دەڵێت: دڵت خۆش نەبێت بەوەی تاهەتایە دەحەسێیتەوە، بەڵکو ئەو پارە و سامانە دەتسوتێنێ و ڕیسوات دەکات، چونکە لە بنەمادا بنچینەی خۆشویستی لە نێوانیان نەبووە.

عاشــق هەســتی بە کەمی کردووە، لەوەی کە هەژار بووە، کەم و کوڕی خۆی بە شــتێکیتر پڕکردۆتەوە، کە ئەویش خۆشەویستییە. لەبری پارەوپوول خۆشەویستی بە چاوگی دەوڵەمەندی دەروونی و خۆشی ژیان دادەنێت، نەك پارە و ماڵ و سامان، ئەدلەر لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بۆئەوەی هەست بکەین کە مرۆڤین، دەبێ لە خۆماندا هەست بەکەمی بکەین))(شلتر، ٢٤٤)ئەو هەست بەکەمی کردنە، وادەکات بیر لە پڕکردنەوەی کەم و کوڕییەکانمان بکەین. جارێکی دیکە ئەدلەر دەڵێت: ((داهێنان لای داهێنەرهەوڵێکی قەرەبووکارییە بۆ پڕکردنەوەی هەســتکردن بەکەمی))(قتوس، ٢٠١١: ٦٧)کەواتە هەستکردن بەکەمی قوڵبوونەوەیە لە ناخی دەروون و دەربڕینی هەست و سۆزە.

چونکە شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا بەشێوەیەکی دی هەستەکانی دەربڕیوە، ئەوەتا لە شیعری دوو چەشن دڵداریدا دەڵێ:

چونکە ئەیزانی تەلاری یارە خواپێداوەکەت

مەستی کردووی، بۆیە نابینێ لە عاستم چاوەکەت(هەردی: ٧٠)

باسی خۆشەویستی دوو کەس دەکات، کە ماڵ و سامان پێکەوەی بەستوونەتەوە، بەتایبەتی ئافرەتەکە، کە مەست و شەیدای تەلار و سامان بووە و کەسیتر نابینێ.

**١-دووبارە بوونەوەی دەنگەکانی سەروا:**

هەریەك لە دەربڕینەکانی: گڕم، گوڕم، وڕم، فاتمە، ئاواتمە. وشــەی ســەروان. لە وشــەکانی: گڕم، گوڕم، وڕم: (ڕ)ڕەوییە، لە وشــەی، گڕم و گوڕم(گ) دەبێتە پێش ڕەوی، لەوشــەی وڕم: (و)دەبێتە پێش ڕەوی. پاشــڕەوی هەرســێ وشــەکان (م)ە. فاتمە ڕەویەکەی (ە)هی خۆیەتی و ڕەســەنە. ئاواتمە، (ت)ڕەوییە، (ا)پێش ڕەویە، (م-ە)پاش ڕەوییە. لەنێوان وشــەکانی: گڕم، گوڕم، وڕم: ڕەگەزدۆزی نافەرهەنگی دروســتبووە، لەنێوان گڕم، وڕم تەنها یەك دەنگ گۆڕاوە. بەس لە وشەی گوڕم: ڕەگەزدۆزییە لەجۆری زیاد، کە دەنگێکی لەوانیتر زیارە و هاوسازن لە مۆسیقادا.

**٢- دووبارە بوونەوەی دەنگ:**

- دووبارە بوونەوەی (أ): لە وشــەکانی: هانم، ئەدا، داخی، ســکاڵای، ناســکی، کاتێ، واقی، وام، نایەڵێ، ڕازاوەی، خەیاڵم، گیانەکەم، فاتمە، ڕازە، ئاواتمە. ١٨ جار پاتە بۆتەوە، لە وشــەکانی: فاتمەو ئاواتمە ٢ جار. لە دەربڕی: ســکاڵای: ٢جار.

- دووبارەبوونەوەی دەنگی (ب):لە وشـــەکانی: بۆتی، بەردەمت، بە جۆرێ، دەربڕم، بووکی، بۆ. ٦جار پاتە بۆتەوە، ١جار وەك قافیە: دەربڕم. ٢جار وەك ئامراز: بە، بۆ.

دووبارە بوونەوەی دەنگی (ت): لە وشەکانی:کەڕەت، بۆتی، بەردەمت، کاتێ، ست، ئاواتمە. ٦جار پاتە بۆتەوە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(د):لە وشەکانی: ئەدا، داخەکەم، کە دێمە، دەربڕم. ٤جار.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(ھ):لە وشەکانی: ھانم، ھەڵڕێژم، ھیچ. ٣جار

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(ە):لەم دەربڕینانە ھاتووە: کەڕەت، ئەدا، دەروونی، ھەڵڕێژم، گەرم، داخەکەم، کەدێمە، بەردەمت، ئەشــێوێنێ، بەجۆرێ، نایەڵێ، دەربڕم، ڕازاوەی، خەیاڵم، گیانەکەم، فاتمە، گوێیە، ئەم ڕازە،شــلکە، ئەوپەڕی، ئاواتمە. (٢٨)جار پاتە بۆتەوە.

-دووبارە بوونەوەی دەنگی(و):لە دەربڕینەکانی: کەرم و گوڕ، واقی، وام، ڕازاوەی، ئەو پەڕی. ٦ جار پاتە بۆتەوە، لە دەربڕی: گەر و ، وەك ئامراز ھاتووە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(وو):لە دەربڕینەکانی:دەروونی،بووکی. ٢جار ھاتووە، لەگەڵ یەك(و)ھاوســازگەن بۆیە بە ھەردووکیان ٨ جار پاتە بوونەتەوە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(س):لەم دەربڕینانە ھاتووە: سکاڵا، ناسکی، ست. ٣جار پاتە بۆتەوە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(ش):لەم دەربڕینانە ھاتووە: ئەشێوێنێ، شك کەی. ٢جار ھاتووە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(ر):لەم دەربڕینانە ھاتووە:دەروونی، گەرم، بەجۆرێ، دەربڕم. ٤ جار پاتە بۆتەوە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(ڕ):لەم دەربڕینانە ھاتووە:کەڕەت، پڕ، ھەڵڕێژم، گوڕم، وڕم، دەربڕم، ڕازاوەی، ڕازە، ئەو پەڕی. ٩ جار پاتە بۆتەوە. (ر)ســوك ٣جار پاتە بۆتەوە، بە ھەردووکیان ١١جار پاتە بوونەتەوەو بەشــێکی بەرچاوی مۆسیقای ئەم کۆپلە شیعرەیان دابینکردووە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(ز):تەنھا لەم دەربڕینە:زۆر، ڕازاوەی، ئەم ڕازە. ٣جار پاتە بۆتەوە.

لەسـەر ئاسـتی شـیعرەکە، دوا نیوەدێڕی کۆپلەی یەکەم لە دوا نیوەدێڕی کۆپلەی چوارەم بە دەسکارییەوە دووبارە بۆتەوە، لە کۆپیلەی یەکەم: تاقە پرشــنگێکی چاوت ئەو پەڕی ئاواتمە. لە نیوەدێڕی کۆتایی کۆپلەی چوارەم: گوێ بۆ ئەم ڕازە شلکەی، ئەوپەڕی ئاواتمە. کەواتە: ئەو پەڕی ئاواتمە. وەکو گرێیەك لە سـەر ئاسـتی شـیعرەکە پاتە بۆتەوە. لە سەر ئاستی شیعرەکەش ٥ جار ناوی فاتمە پاتەکراوەتەوە.

عەزیز گەرد لەبارەی بزوێنی کورت و درێژەوە دەڵێ: ((ئەگەر بزوێنە درێژەکانی(ا،وو،ۆ،ی،ێ) زۆر دووبارە بکرێنەوە ئیقاعی شیعرەکە خاودەبێتەوە، چونکە بزوێنی درێژ کاتی زیاتری دەوێت لە چاو بزوێنی کورت، بەڵام بزوێنی کورت(ە، و) ئیقاعی شــیعر توند دەکەن، چونکە گۆکردنیان کەم دەخایەنێت و زوو دەگوازرێتەوە بۆ بڕگەی داھاتوو)(گەردی، ١٩٩٢: ٦٥) بۆیە دەبینین لە سەروای شیعرەکە زۆربەی دەنگەکان بزوێنی درێژن و لە ناوەخنی شیعرەکەش بزوێنی درێژ زۆرە، بۆیە ئیقاعی شـیعرەکە نەرم و خاوە، کاتێ لەلایەن عەلی مەردانەوە کراوەتە گۆرانی بەڕیتمێکی خاو وتوویەتی، چونکە پێکھاتەی شــیعرەکە وایە. لە ھەمان کاتیش بە مەبەســت خاوتری کردۆتەوە، بۆنموونە، (فاتمە)ی کردووە بە

فاتیمە، واتا بزوێنی درێژی (ی)بۆزیادكردووە، نەبرەی خستۆتە سەر دەنگی بزوێنی(ا) لە دەربڕینەكانی: یەزدانییە، گۆرانییە...وا هەست دەكرێ (ا) دوو دانەی تری لەسەر باركراوە، بەوەش ڕتمەكە خاوتر بووە. لە گۆرانی وتن ئەو حاڵەتانە زۆرن، بۆ نموونە سەیری ئەم دێڕە شیعرە بكەن كە بەم شێوەیە:

چەندی گەڕام لە شاران

نە مدی كەس وەك تۆ جوان بێ... كە دەبینین (٧)دەنگی بزوێنی كورت و (٨)دەنگی بزوێنی درێژی تێدا یە كەچی هۆمەر دزەیی گۆرانی بێژ زۆر بەخاوی گوتوتییەوە لە بەر ئەوەی دێڕەكەی بەم شێوەیە گۆ كردووە:

چاندی گاڕام لە شاران

نامدی كەس وەك تۆ جوان بێ

واتا سێ جار دەنگی (ە)كە بزوێنی كورتە، كردوویەتی بە بزوێنی (ا)درێژ و دەقەكەی خاوتر كردۆتەوە.

**ئەنجام:**

١. شیعری چەپكەگوڵێك بۆ ست فاتمە، بەكێشی (ڕەمەڵی هەشتی مەحزوف)نووسراوە، وشە سەروادارەكان ڕەوی و پش ڕەوییان هەیە، لە پاش ڕەوییەكان، كۆپلەی یەكەم سێ دەنگی پاش ڕەوی هەیە، كۆپلەی دووەم دێڕی یەكەمی دوو دەنگی پاش ڕەوی هەیە، دێڕی دووەم پێنج دەنگی پاش ڕەوی هەیە، دێڕی سێ یەم و چوارەمیش دوو دەنگی پاش ڕەوی هەیە، بۆیە وشە سەروادارەكان زۆر مۆسیقی و خۆش دەبیسترێن. وشە سەرواكان زۆربەیان لە شەش پیتی هاوقافییە پێكهاتوون.

٢. دەنگی (أ)لە كۆپلەی یەكەم (٢١)جار پاتە بۆتەوە.لە كۆپلەی دووەم (١٢)جار پاتە بۆتەوە، لە كۆپلەی سێیەمدا، (١٨)جارە پاتە بۆتەوە. لە كۆپلەی چوارەم (١٨)جارە پاتە بۆتەوە. لەسەر ئاستی شیعرەكە دەنگی (أ) (٦٩)جار پاتە بۆتەوە. كەواتە دەنگی بزوێنی درێژی (أ)زۆر دووبارە بۆتەوە، لە قافیەكانیش، بزوێنی درێژی: (ی)لە زۆربەیان دووجار هاتۆتەوە. بۆیە مۆسیقای دەقەكەی نەرم و خاو كردۆتەوە.

٣. شاعیر لەم شیعرەدا وێنەی نوێی خستۆتە ڕوو، هەر لە چواندنی بەژن و باڵا بە پەیكەری یۆنانی، كە پێش ئەو زیاتر بە عەرعەر و چنار و هەنار جوێندراوە، پاشان شێوازی هەست گۆڕكێی بەكارهێناوە لە چواندنی لار و لەنجە بە مۆسیقا و بەستەو گۆرانی، واتا شاعیر زمانێكی پڕ جوڵەی بەكارهێناوە.شیعرەكە بە هەستی بینین و بیستن و بۆنكرن وەردەگیرێت. هەستی بینین بەشدارییەكی زۆری هەیە، لەدوای ئەوە هەستی بیستن، هەستی بۆنكردنیش یەك جار بەكارهاتووە، واتا لە پێنج هەستەكەی مرۆڤ سێیان بەكارهاتوون.

٤. هەستی ڕۆمانسی و كەتواری تێكەڵ كردووە، لەڕووی ڕۆمانسییەوە وەسفی جوانی ست فاتمە دەكات، دواتر بەدیدێكی ڕیالیزمی واقعی كێشەی هەژاری و دەوڵەمەندی دەخاتەڕوو.

٥. كاتێ لەلایەن هونەرمەند عەلی مەردان ئەم شیعرە كراوەتە گۆانی زیاتر چووە نێو دڵی بیسەرانی و بە دەنگ و ئاواز كاڵای بەبەر باڵا دابڕا و هەوادار و شەیدایانی زۆر بوو.

٦. لەڕووی مۆسـیقای ناوەکییەوە گرنگییەکی زۆری بە مۆسـیقای ناوەکی داوە، لە دووبارە بوونەوەی دەنگەکان، بەڵام لە دووبارە بوونەوەی وشە کەمتر گرنگی بەم لایەنەوە داوە، لە دووبارە بوونەوەی وشە لە ئاستی ستوونی ناوی (فاتمە) پێنج جار پاتکراوەتەوە، (چاو)(بەتەنها) دووجار هاتوون.

٧. زمانی ئەم شـیعرەی هەردی زمانێکە ئاوێتەی واقیع و خەیاڵ و سـۆز و نەسـتە، بۆیە لە کاتی شـیکردنەوەی دەقەکە لەڕووی زمان و وێنەوە، ئەم ڕەگەزانەش بەسـەر کراونەتەوە و شـێوازی نووسـینی شـیعرەکە خراوەتەڕوو. هەروەها زمانێکی کوردی پەتی بەکارهێناوە دوور لە وشەی بێگانە.

**ژێدەرەکان:**

**یەکەم: ژێدەری کوردی:**

**أ۔ کتێب:**

١. ئەحمەد، خورشـید ڕەشـید، ١٩٨٩،ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنوەی کوردی، بەغدا.

٢. ئەحمەد، سافیە محەمەد(د)، ٢٠١٣،لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣. ئەحمەد، محەمەد نوی، ٢٠٠٢، ئەلف تێکست-رەخنە، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی.

٤. ئەحمەد، پەخشان عەلی، ٢٠٠٩، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٥. بۆرەکەیی، سدیق، ٢٠٠٨، مێژووی وێژەی کوردی، ب٣،چ١، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٦. حو سێن، نزار محەمەد، ٢٠٢١، شێوازی زمانی شیعری لە شیعرەکانی جەوهەر غەمگیندا، ما ستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧. خەزنەدار، معروف، ١٩٦٢، کێش و قافیە، چاپخانەی الوفاء، بەغدا.

٨. فەتاح، ڕزگار عومەر، ٢٠٢٢، تێزی دکتۆرا، بەشی کوردی، زانکۆی سۆران. سۆران.

٩. عەزیز، شـەرمین ئیبراهیم، ٢٠٠٦، پەشـێو و تازەکردنەوە لە شـیعری کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٠. عیسـا،هاوژین صـلیوە،٢٠١٠، بنیاتی وێنەی هونەری لەشـیعری شـێرکۆبێکەس دا، دەزگای چاپ و پەخشـی سەردەم، سلێمانی.

١١. کاکەی فەللاح، ١٩٧٨، کاروانی شیعری نوێی کوردی، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٢. گەردی، سەردار ئەحمەد حە سەن، ٢٠٠٤، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا(١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٣. گەردی، عەزیز، ١٩٩٢، سەروا، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٤. گۆران، دیوانی گۆران،١٩٨٠، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، ب١، مطبعە المجمع العلمی العراقی، بغداد.

١٥. الماضي, شكري عزيز(د), و. د. سەردار ئەحمەد گەردی، ٢٠١٠، تیۆری ئەدەب، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

١٦. شڵتر، دوان، و. ڕێبوار ئەحمەد، ئەدلەر و سایکۆلۆژیای تاکەکەسی.

١٧. قتوس, بەســـام (د)،و. د. محەمەد تاتانی،٢٠١١، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٨. محەمەد، محەمەد عوســـمان، ٢٠١٧، ڕوخســـاری شـــیعری هێمن لە دیوانی ناڵەی جودایدا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١٩. میراودەلی، کەمال،هەردیو ڕۆمانسیزمی خود،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی،کەرکوك.

٢٠. هەردی، ئەحمەد، ١٩٨٤،ڕازی تەنیایی، چ٢، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

**ب. دیدەنییەکان:**

١. دیدەنی هاوژین صلیوە لەگەڵ شێرکۆبێکەس، سلێمانی، ڕۆژی سێ شەم، ٢/٨ / ٢٠١٠.

٢. دیدەنی هاوژین صلیوە لەگەڵ د. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، کۆیە، ڕۆژی سێ شەم ٢٠١٠/٢/٢٣.

**دووەم: ژێدەری عەرەبی:**

**١.** بيرجيرو, ت.د. منذر عياش, ١٩٩٤ الاسلوب الاسلوبية،الركز القومي، بيروت.

**٢.** الحمداوي, جميل, ١٩٩٧, السيميوطيقا و العنونة, مجلة عالم الفكر, عدد٣, الكويت.

**سێیەم: ژێدەری فارسی:**

١. زیبایی شناسی چیست؟ https://www.honarist.com/2020/11/26/aesthetic/

٢. حسین هاشم نژاد، سید جواد نعمتی https://jop.ut.ac.ir/article_35804.html

٣. http://tahoor.com/fa/article/view/112125

٤. https://research.iaun.ac.ir/pd/fanaie/pdfs/UploadFile_9256.pdf